# بایەخپێدانی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە ڕووماڵکردنی بابەتە سینەمایییەکان

**ID No. 720**

(PP 268 - 292)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.3.18

**خەندە سیف الدین حویجە**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

@univsul.edu.iq060021saifalddin.

**فواد علی**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

fuad.ahmed@univsul.edu.iq

**وەگـــــرتن : 2022/06/26**

**پەسندکردن : 2022/11/13**

**بڵاوکردنەوە : 2023/07/25**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی(بایەخپێدانی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە ڕووماڵکردنی بابەتە سینەمایییەکان)ە. تیشک دەخاتە سەر ئەو پێگە ئەلکترونییە کوردییانەی ناوەڕۆکەکانیان پەیوەستن بە بواری سینەماوە .کێشەی توێژینەوەیەکەش لەو خاڵەدا چڕ دەبێتە کە ئایا بایەخپێدانی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە بڵاوکردنەوەی بابەتە سینەمایییەکان لە چ ئاستێکدایە. بەستنەوەی میدیا و سینەمایە پێکەوە وەک دوو پایەی گرنگی پروسەی کۆمینیکەیشن، و بەهەند وەرگرتنی سینەما لەپاڵ ئەوەی هۆکارێکی کاتبەسەربردن و هاوکات پیشەسازییەکی گرنگە، ڕێگەیەکیشە بۆ ئاڕاستە و پەروەردەکردنی کۆمەڵگە لە گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەییە. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەش دەرخستنی ڕادەی بایەخپێدانە بەو بابەتە سینەمایانەیە کە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بڵاویان دەکەنەوە. کۆی پێگەی وەرگیراویش وەک سامپڵ لەم توێژینەوەیەدا دوانزە پێگەن کە پێک هاتوون لە(کورد سینەما ، کورد فیلم، کوردموڤی، کورد سبتایتڵ، فیلمسازان، تۆلیپ سینەما،بینەر، شافیلم ، کوردینگ، کورددۆبلاژ، کۆردیۆ ئەنیمی، کوردپڵاس ئەنیمی). بە هۆی نەبوونی کاتی بڵاوکردنەوەیان، توێژە کۆی بابەتەکانی هەر دوانزەیانی وەرگرتوە تا ئەو کاتەی کاری پراکتیکی هەریەکێکیان کۆتایی هاتووە.

جۆری توێژینەوەکە وەسفیی و میتۆدی ڕووپێویە.هەریەک لە شیکاری ناوەڕۆک و فۆرمی ڕاپرسی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوە بوون. بە جۆرێک لە شیکاری ناوەڕۆکدا بە (5) خشتە بۆ هەریەک لەو پێگە ئەلکترۆنییانە زانیارییەکان ڕیزبەند کراون، و فۆرمی ڕاپرسیش کە لە (15) برگە پێکهاتبوو بە سەر (30) کەسی بە ئەزموونی سینەماییدا دابەش کران، بە مەبەستی پتەوکردنی زانیارییەکان ، کە ئەنجامەکانیان بووە مایەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە،و هەڵێنجانی دەرئەنجامەکانی بەوەی پێگە ئەلکترونییەکان بە ڕادەیەکی باش مەودایان بۆ بابەتە سینەمایییەکان تەرخانکردوە و بایەخیان بە بڵاوکردنەوەیان داوە، و پلاتفۆرمە دیجیتالییەکان پەیوەندی میدیا و سینەمای بەهێزتر کردووە، ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بۆ ئاشناکردنی زیاتری بینەری کورد بە بابەتە سینەمایییەکان، و هەروەها چەند دەرئەنجامێکی تریش.

**کلیلە وشە**: بایەخپێدان، پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان، ڕووماڵ، بابەتە سینەمایییەکان

## پێشەکی:

پروسەی کۆمیونیکەشن بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان بەها و بایەخی زیاتری لە ژیانی مرۆڤایەتیدا پەیداکردووە ، و باڵی بەسەر گشت بوارەکانی ژیاندا کێشاوە، بە تایبەت لە سەردەمی ئێستادا بە جۆرێک مرۆڤایەتی ئاوێتەی دنیایەکی دیجیتالی و گریمانەی کردووە، کە ئەستەمە مرۆڤ دەستبەرداری بێت . لەم نێوەندەدا پێگە ئەلکترۆنیەکانیش لە سایەی بژاردە تەکنەلۆژییەکانی سەردەمدا وەک بەشێک لە دیجیتال میدیا سەنگ و قورسایی خۆیانیان هەیە لە پەخشکردن وناساندنی چەمکە جیاوازەکان. ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(بایەخپێدانی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە ڕووماڵکردنی بابەتە سینەمایییەکان) هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕادەی بایەخپیدانی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە ڕووماڵکردنی بابەتە سینەمایییەکان. هەموو ئەم هەوڵانەش زنجیرە هەنگاویکی یەک لە دوای یەکن بە مەبەستی بەدیهێنانی سوودێکی زانستی.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێک هاتووە و میتۆدنامە وەک بەشی یەکەم کە هەریەک لە(کێشەی توێژینەوە، گریمانەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، میتۆدی توێژینەوە، سنوری توێژینەوە، هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە،کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە، ئامرازی توێژینەوە، ئاستەنگەکانی توێژینەوە، ڕاستی و جێگیری، توێژینەوەکانی پێشوو، پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوە)ی لە خۆ گرتووە.

بەشی دووەم و سێیەم  لایەنی تیۆری توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت کە هەر بەشێک  لە چوارچێوەی دوو پاردا بابەتەکانی پۆلێن کراوە. بەشی دووەم بە دوو پار پەیوەستە بە بەشە میدیاییەکەی توێژینەوەکە کە هەریەک لە دیجیتاڵ میدیا و پێگەی ئەلکترۆنی لەخۆ دەگرێت، بەشی سێیەمیش بە دوو پار پەیوەستە بە بەشە سینەماییەکەی توێژینەوەکە کە هەریەک لە میدیای هونەری و بابەتە سینەماییەکان لەخۆ دەگرێت.

بەشی چوارەم لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت، پشت بەست بە هەر یەک لە ئامرازەکانی شیکاری ناوەڕۆک و فۆڕمی ڕاپرسیەوە توێژەر هەنگاوە پراکتییەکان لە چوارچێوەی چەندین خشتە وتاوتوێکردنیان  ئەنجام دەدات بۆ خستنەرووی  ئامار و شیکردنەوەی داتاکان بە مەبەستی گەیشتن بە وەڵامدانەوەی پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوەکە. هەریەک لە دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە و پاشکۆ و لیستی سەرچاوەکان دەبنە دوا لاپەڕەکانی ئەم توێژینەوەیە، دواجاریش توێژەر هیواخوازە توانیبێتی خزمەتێکی بچوکی زانستی پێشکەش بە بواری میدیا و سینەما کردبێت .

**1: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە**

**1- کێشەی توێژینەوە:**

بابەتی توێژینەوەی زانستی هەروەک چۆن لە بۆشاییەوە دەست پێناکات بێگومان بە بۆشایش کۆتایی نایەت ڕەگەزی دیاری توێژینەوەش کێشەکەیەتی، کێشەی توێژینەوەش کێشەیەکی مەعریفیە هەڵگری خەسڵەتی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیە بە مەبەستی دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پەرسیارانەی لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا گەڵاڵە بوون. لەو سۆنگەیەشەوە ئەرک و کاریگەریی پێگە ئەلکترۆنیەکان لەسایەی تەکنەلۆژیا ودیجیتاڵ میدیادا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گۆڕاندایە، لە ئێستادا پێگەی ئەلکترۆنی پانتاییەکی گەورەی لە نێو میدیای کوردیدا داگیر کردووە، بەڵام ئەوەی مایەی پرسیارە لای توێژەر تا ئێستا توێژەرانی بواری میدیا بەگشتی وسینەماکارانیش بەتایبەتی بایەخێکی ئەوتۆیان بەو پێگەئەلکترۆنییە کوردییەنە داوە کە تایبەتمەندن بە ڕووماڵکردنی بە بابەتە سینەماییەکان. ئەمەش بووە پاڵنەریک بۆ توێژەر کە بابەتی توێژینەوەکە دیاری بکات، بەگرتنەبەری ڕێکارە زانستییەکان، و کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارەدا بخاتە ڕوو: کە ئایا بایەخپێدانی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە ڕووماڵکردنی بابەتە سینەماییەکان لە چ ئاستێکدایە؟ وەک ئامرازێکی گرنگی هۆشیاری و ژیاریی لە کۆمەڵگەدا، هاوکات لە چوارچێوەی کێشەکەدا توێژەر چەند پرسیارێکی تریش دەخاتە ڕوو:

1- پێگەی ئەلکترۆنییە کوردییەکان، وەک دیجیتاڵ پلاتفۆرمێک چ مەودایەکی بۆ بابەت و چەمکە سینەماییەکان تەرخان کردووە؟

2- ئایا ڕادەی بڵاوبوونەوە و کاریگەری پێگەی ئەلکترۆنییە کوردییەکان، لۆکاڵی و ناوچەییە یاخود لەسەر ئاستی جیهانییە ؟

3- ئەگەرپێگەی ئەلکترۆنییە کوردییەکان بایەخ بە بابەتە سینەماکان دەدەن ،ئایا تا چ ئەندازەیەک چالاکن لە بڵاوکردنەوەی بابەت و چەمکە سینەماییەکاندا؟

4- ئەگەر پێگەی ئەلکترۆنییە کوردییەکان بایەخ بە بابەتە سینەماکان دەدەن،ئایا ڕادەی بایەخپێدانییان  بە بابەتە و چەمکە سینەماییەکان زیاترجیهانییە یاخود لۆکالی و ناوچەییە؟

5- ئایا تا چ ئەندازەیەک پێگەی ئەلکترۆنییە کوردییەکان  پابەند بوون بە بنەما و ژانرە میدیاییەکانەوە؟

**2- گرنگی توێژینەوە:**

بەستنەوەی میدیا و سینەمایە پێکەوە وەک دوو پایەی گرنگی پروسەی کۆمینیکەیشن لە ڕووی زانستی و ئەکادیمیەوە بابەتێکی پڕ بایەخە، لە ڕووی پسپۆڕیشەوە بەهەند وەرگرتنی سینەما لەپاڵ ئەوەی هۆکارێکی کاتبەسەربردن و هاوکات پیشەسازییەکی گرنگە، ڕێگەیەکیشە بۆ ئاڕاستە و پەروەردەکردنی کۆمەڵگە و چاندنی بەها گەردوونییەکان، و ڕەوینەوەی ئەو بیرۆکەی کە ڕۆژنامە بە سەرچووە بەراورد بە تەلەفزیۆن بەو پێیەی پێگە ئەلکترۆنییەکان بوونتە جێگرەوەی ڕۆژنامە و لە سایەی دەسکەوتە تەکنەلۆژیەکاندا دەتوانێت هاوشێوەی تەلەوفزیۆن ڕۆڵ بگێرێت.

**3- ئامانجی توێژینەوە:**

1- زانینی ڕادەی بایەخپێدان بە بابەتە سینەماکان لە لایەن پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکانەوە.

2- دەرخستنی پەیوەندی میدیا و سینەما لە سەردەمی دیجیتاڵدا.

3- تێگەیشتن لە ڕۆڵ و بایەخی پێگە ئەلکترۆنییەکان بۆ باشتر ناساندنی بابەتە سینەماکان لە سایەی شۆڕشی تەکنەلۆژیادا.

4- هەوڵدان بۆ بەکلتورکردنی تەماشاکردنی فیلم لە ڕێگەی پێگە ئەلکترۆنییەکانەوە.

5- گرێدانەوەی میدیا و سینەما پێکەوە وەک دوو ئامرازی گرنگی لێکدانەبڕاوی پرۆسەی کۆمیونیکەیشن.

**4- میتۆدی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی وەسفیی و شیکاریی ناوەڕۆك دەبەستێت بۆ خستنەڕووی ئەو زانیارییانەی دەبنە مایەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**5- سنوری توێژینەوە:** بواری بابەت- بواری شوێن-بواری کات

**6- کۆمەڵگە و** سامپڵی **توێژینەوە:** بەو پێیەی کۆمەڵگەی توێژینەوە، پێکهاتەی کێشەی توێژینەوەیە و رەگەزی سەرەکی هەڵبژێنجان و بەدەستهێنانی زانیارییەکانە و بەگوێرەی ناونیشان و ئامانج لە توێژینەوەیەک بۆ توێژینەوەیەکی تر جیاوازە، و هەوڵیکە تا لەکۆی ئەو کۆمەڵگەیە سامڵێکی هەڵبژاردە بێتە نوێنەری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. توێژەر **(پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان)**ی وەک کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشان کردووە،و پێگە سینەماییە کوردییەکانیش کە لە (12) پێگەی سینەمایی پێکهاتوون دەبنە سامپڵی توێژینەوەکە بە مەبستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە توێژەر هەوڵی بۆ دەدات و لە خزمەتی ناونیشانی توێژینەوەکەدایە، و کۆی ئامانج و هەوڵەکانی توێژینەوەکە دەپێکێت. هەریەک لە(**کورد سینەما ، کورد فیلم،** کوردموڤی، کورد **سبتایتڵ، فیلمسازان، تۆلیپ سینەما،بینەر، شافیلم ، کوردینگ، کورددۆبلاژ، کۆردیۆ ئەنیمی، کوردپڵاس ئەنیمی)** سامپڵی توێژینەوەکەن.

**7- توێژینەوەیکانی پێشوو:**

1- **عبدالباسط سلمان(2008)،(الديجيتال في السينما والاعلام-دراسة تحليلية لتقنيات في السينما ووسائل الاعلام)** توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ کۆمەڵێک فیلم کە لە لایەن توێژەرەوە هەڵبژێردراو، کە ئاماژە بە رۆڵ و کاریگەرییان دەکات لە سەر بابەتی دیجیتال و سینما و تەلەفزیۆن و ئامراز میدیاییەکانی تر. هەندێک لەو فیلمانەش کە وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون ماوەکانیان دەکەوێتە نێوان ساڵانی نێوان (2006-2008) و زۆرینەی گۆرانکاریی و بەگەرخستنی بابەتە دیجیتالییەکانی تێدا بەرجەستە بووە بەمەبستی یەکانگیری لەگەڵ ئەو رووداوانەی لە جیهاندا دەگوزەرێت

2- **ماجد فضل صقر حبيب (2014)،(التفاعلية في المواقع الالكترونية للصحف اليومية الفلسطينية.** ئەم توێژینەوەیە پشت بەست بە میتۆدی وەسفی رووپێوی و شیکاری ناوەڕۆک کار لەسەر ناساندنی رادەی کارلێکی پێگە رۆژنامەوانییە فەلەستینەکان دەکات لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت و هەروەها هەوڵی دەرخستنی رادەی سوود وەرگرتنی ئەم پێگانە دەدات لەو بژاردە و ئامرازە نوێیانەی کە ئینتەرنێت لەبەردەم بەکارهێنەراندا واڵای کردووە لە پێناو بەدیهێنانی کارلێکی زیاتر و هاوکات هەوڵی زانینی گرنگترین ئەو جیاوازییانە دەدات کە لە نێوان ئەم پێگە ئەلکترنییانەدا هەیە لەسەر تۆرەکانی ئینتەرنێت لەبارەی بەکارهێنانی ئامڕازە کارلێکیکانەوە.

3- **علاء أحمد عواد العبد الرزاق-2016-جامعة الشرق الاوسط بەناونیشانی: (أثر الأفلام السينمائية على الشباب الأردني مقارنة بوسائل الإعلام الأخرى).** ئەم توێژینەوەیە کار لە سەر دەرخستنی رادەی بەرکەوتن و کاریگەری فیلمە سینەماییەکان کردووە لە سەر گەنجانی زانکۆی ئوردون بەراورد بە ئامرازەکانی تری میدیا. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پشتی بە میتودی وەسفی بەستووە تا لەو رێیەوە رای بەرتوێژەکان بزانێت. بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش شێوازی رووپێوی (فۆرمی راپرسی) گرتۆتەبەر .

**8- سوودی توێژینەوەکانی پێشوو:**

1- فراوان بوونی ئاسۆی زانیاری سەبارەت بابەتەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکە.

2- ئاشنا بوون بە شێوازی جۆراوجۆری پۆلێنکردنی هەنگاوەکانی توێژینەوە.

3- وەرگرتنی بیرۆکەیەکی گشتی لەسەر چۆنێتی دارشتنی ستراکچەری گشتی توێژینەوەکە، بەتایبەت لە بەشی تیۆریدا.

4-دڵنیا بوونی زیاتر لە گرنگی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، بەو پێیەی یەکەم توێژینەوە دەبێت بەم ناونیشانە کاری لەسەر بکرێت.

5- ئەگەری دووبارە بەکارهێنانەوەی توێژینەوەکان وەک سەرچاوەیەکی زانیاری.

**9-پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوە**

ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە وەک گۆڕاوی سەربەخو و پاشکۆکانی توێژینەوە هەنگاوێکی بە هەندوەرگیراوە لە توێژینەوەی زانستیدا، بەو پێیەی هەریەک لەو چەمکانە هەڵگری واتاسازیەکی جیاوازن، کە پێویستە ئەرک و واتای هەریەکەیان دیاریبکرێت لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا، هەربۆیە لە رێی پێناسەی تیۆری و پێناسە رێکارییەکانەوە چەمکەکانی ئەم توێژینەوە لەلایەن توێژەرەوە دەخرێتە روو.

**پێناسە ڕێکارییەکان:**

**بایەخپێدان:** پێناسەی ڕێکاری بایەخپێدان لەم توێژینەوەیەدا هەموو ئەو بابەتە سینەماییە بە هەند وەرگیراوانە دەگرێتەوە، کە پێگە ئەلکترۆنییە سینەماییە کوردییەکان وەک (هەواڵ، ڕاپۆرت،فیلم، بایۆگرافی،دەرهێنەر...هتد) بڵاویان کردۆتەوە، بە پێی ڕیزبەندی گرنگی بابەتەکان، لە ڕوانگەی پێگەکانەوە.

**پێگەی ئەلکترۆنییە کوردییەکان:** ناساندنی ڕێکاری لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا مەبەست لەو پێگە تایبەنمەندە کوردییانەیە وەک مەودایەکی فراوانی ئینتەرنێتی کە کارو چالاکییەکانیان پەیوەستە بە پەخش و بڵاو کردنەوەی بابەتە سینەماییە لۆکاڵی و هەرێمی و جیهانییەکان.

**ڕووماڵ:** لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە پرۆسەی بەدەستهێنانی داتا و زانیار و وردەکاریە سەبارەت بەو بابەتە سینەماییانەی کە لە شێوەی هەر ژانرێکی میدیایی یاخود سینەمایدا پێگە ئەلکترونییە سینەماییە کوردییەکان پەخش و بڵاویان کردۆتەوە.

**بابەتە سینەماییەکان**: پێناسەی ڕێکاری بابەتە سینەماییەکان لەم توێژینەوەیەدا، هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە دەکەونە خانەی سینەماوە و پەیوەستن بە بواری فیلمسازیەوە بە هەموو چەمک و ژانرە جیاوازەکانەوە، بە پێ جیاوازی تێڕوانین و بایەخپێدانی پێگە سینەماییە کوردییەکان بە بابەتە سینەماییەکان

## 2- دیجیتاڵ میدیا و پێگەی ئەلکترۆنی

### 1- دیجیتاڵ میدیا (Digital Media)

مشتومڕئامێزی دنیای دیجیتاڵ وایکردووە پسپۆڕانی بواری میدیا لە سەر ناوێکی دیارکراو سازو کۆک نەبن لەبارەیەوە،کە ئایا هەر ئامڕازە کۆنە میدیاییەکانە و لە بەرگێکی نوێدا خۆیان دەنوێنن،یاخود زادەی ئەو گەشەسەندنەی تەکنەلۆژیایە، کە گوازرشتە لەو دنیا گریمانەیەی (Virtual) لە ئێستادا بە ڕەهەندی جیاوازتر لە نێو ژینگەیەکی میدیایی نوێدا بەرجەستە بووە. هەربۆیە تێڕوانینە جیاوازەکان ناوی جۆراوجۆری بۆ ئەم چەمکە(دیجیتاڵ میدیا) بە دوای خۆیدا هێناوە. هەندێک لە پسپۆڕانی میدیا ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بە دیجیتاڵ میدیا(میدیایی نوێ) ناو دەبەن. هەندێکی تریان تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بە دیجیتاڵ میدیا ناودەبەن.

هەرچەندە پەرشوبڵاوی ناو لێنانی ئەم بوارە وایکردووە مێژوویەکی دیاریکراو نەبێت سەبارەت بە دیجیتاڵ میدیا، بەڵام بۆ یەکەم جار دەستەواژەی دیجیتاڵ میدیا یاخود میدیای نوێ لەلایەن (مارشاڵ ماکلۆهان)ەوە لە ساڵی(1953) بەکارهێنرا، کاتێک ئاماژەی بە توانا و گەشەی تەکنەلۆژیا کرد سەبارەت بە کۆکردنەوەی زانیار و گەیاندنی بە تەواوی جیهان لە ڕێی تایبەتمەندییە تەکنەلۆژییەکانەوە. بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیەش لەگەڵ بەرهەمێنانی بەرنامە ڕاستەوخۆکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە ساڵی 1960هەڵکشانی زیاتری بەخۆیەوە بینی. هاوکات دەرکەوتنی بەرنامەکانی وەک ئۆپرا و بەرنامەکانی بەیانیان لە ئەمریکا و تابلوید و دەرکەوتنی تەلەفزیۆنی کارلێکی کە بەهۆی ئنتەرنێتەوە بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیجیتاڵ میدیا دادەنرێت ڕادەی بەکارهینانی ئەم دەستەواژەیەی زیاتر کرد.

### 2- پێناسەی دیجیتاڵ میدیا

دیجیتاڵ میدیا دەستەواژەیەکی نوێیە پێچەوانەیە لەگەڵ میدیای کلاسیکیدا بەوپێیەی چیتر لەلایەن دەستەبژێر و پێشەنگەکانی میدیاوە کۆنترۆڵ ناکرێت، بەڵکو بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەردەستە، و هەمووان دەتوانن بەکاریبهێنن . پێناسەیەکی گشتگیر نیە سەبارەت بە چەمکی دیجیتاڵ میدیا کە پسۆڕانی ئەم بوارە لە ڕووی زانستییەوە لە سەری پێک هەتبن بۆیە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە لەوانە: (شفیق،2014: 15)

**1-** چەند شێوازێک و چالاکیەکی دیجیتاڵی نوێیە کە دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوی بەدەست هێنانی بابەتە میدیاییەکان بە فۆرمی جۆراوجۆر لە پرۆسەی کارلێکی نێوان نێرەر و وەرگردا لە ڕێی ئەو ئامێرە ئەلکترۆنییەکانەوە کە بەستراون و هەندێک جاریش نەبەستراون بە ناوەندەکانی ئینتەرنێتەوە. (القحطاني،2019: 10)

2- ئەو میدیاییە کە سەرجەم ئامڕازەکانی پەیوەندیکردن بەکاردەهێنیت بۆ گەشتن بە جەماوەر لە هەر کوێیەک بن و چۆنیان بوێت. (بدون اسم المؤلف،2016: 8)

3- کۆی ئەو هونەرە ڕۆژنامەوانیانە دەگرێتەوە کە لە ڕێی تۆرە زانیارییە ئەلکترۆنییەکانەوە پەخش دەکرێن و دەرفەتی پەیوەندیکردن دەرەخسێنێن، و بە میکانیزمی تەکنەلۆژی و لێهاتوو دابەشکراوە بە سەر چەند ئایکۆنێکی تایبەتمەندا بۆ ئامادەکردنی هەواڵ و بابەتە نوێیەکان لە ڕێی دەستەی چاودێر و هەواڵسازە پرۆفیشناڵەکانەوە. (طنطاوي، 2016: 127)

4- جۆرێکی نوێی میدیاییە کە لە ڕووی ئامانج و چەمک و بنەما گشتیەکانەوە لەگەڵ میدیای کلاسیکدا هاوشێوەن. ئەم جۆرەی میدیاش لە رێی شێوازە ئەلکترۆنییەکانەوە مەیسەر دەبێت لە سەرهەمووشیانەوە ئینتەرنێت. (صلاح، 2013: 148)

**3- ئەو دەستەواژانەی بەکارهاتوون بۆ دیجیتاڵ میدیا**

1- **میدیای ئەڵتەرناتیف:** (Alternative Media) بە بڕوای هەندێک میدیای ئەڵتەرناتیف خودی میدیا نوێیە، بەڵام راستیەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە دەستەواژەی میدیای ئەڵتەرناتیف پێش دەرکەوتنی تەکنەلۆژیا پەیوەندیکردن نوێی بەکارهاتووە، و بەو ئامرازانە وتراون کە جەماوەر بۆ بە دەستهێنانی زانیاری پەنایان بۆ بردووە دوور لە و میدیایانەی کە دەسەڵاتی حوکمڕانی بەڕێوەی بردوون.

**2- میدیای ژمارەیی:**(Digital Media) هەر ئامرازێکی میدیا کە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە بخوێنرێتەوە و بەرهەم بهێنرێت و ببینرێت و گۆڕانکاری تێدا بکرێت و هەڵبگیرێت (save)، وەک وێنەی دیجیتاڵ و ڤیدیۆیی دیجیتاڵ و پێگە و پەیجە ئەلکترۆنی و تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و داتاو دەنگی دیجیتاڵ و فایلی(MP3) و کتێبی ئەلکترۆنی جۆرێک لە دیجیتاڵ میدیان، کە جیاوازن لە ئامرازە میدیاییە کلاسیکیەکانی وەک رۆژنامەی چاپکراو و کاسێت و فیلمەکان.( الدعمي، 2016: 59–61)

3-**میدیای کارلێکی :**(Interactive Media) کارلێکی بریتییە لە توانای ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندی کردن سەبارەت بە وەڵامدانەوەی گفتوگۆی بەکارهێنەران، بەهەمان شێوەی ئەو پرۆسەی گفتوگۆکردنەی کە لەنێوان دوو کەسدا روو دەدات. ئەم تایبەتمەندییەش رەهەندیکی پڕ بەها و نوێی بۆ ئامرازە میدیاییە جەماوەرییەکان دەستەبەر کردووە، کە وەرگر دەتوانێت ئارەزوومەندانە سەرچاوە زانیاری و چێژ بەخشەکان بە گوێرەی کات و ویستی خۆی هەڵبژێریت. ئەو میدیایە کە رێ هەموار دەکات بۆ کۆمیونیکەیشنیکی دوو لایەنە لە نێوان میدیا و بەکارهێنەراندا(وەک بینەر)، ئەوەش دەبێتە مایەی دەستکراوەی بەکارهێنەر بۆ وەڵامدانەوە لە کاتێکی راستەقینەدا. (Danesi,2009: 160)

**4- میدیای ئۆتۆماتیک:**(Automated Media) ئەو زانستیە کە لە رێی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک زانیارییەکان رێکدەخات لەسایەی پرۆگرامە تەکنەلۆژیەکانەوە، واتا ئەم جۆرەی میدیا پشت بەست بە تەکنەلۆژیای زانیاری کار لەسەر پەرەپێدان و بەڕێوەبردن و رێکخستنی زانیارییەکان دەکات. (https://slideplayer.fr/slide/14480050)

**5- میدیای ئینتەرنێت:**(Online Media) دەستەواژەی ئۆنلاین لە تواناییەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە هۆی تۆڕە جاڵجاڵۆکەیەکانەوە بۆ بەکارهێنەران فەراهەم کراوە، سەبارەت بە گواستنەوەی تەواوی بابەت و رووداوەکانی پەیوەست بە جەماوەر لە رێی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و موبایڵ و ئەپڵیکەیشنە جۆراوجۆرەکانەوە، سەرباری ئاسانکاریی بە ئاگا بوونی بەکارهێنەر لەوەی چی دەگوزەرێت لە جیهاندا ئیدی لە سەرکار بێت یاخود لە هەر شوێنێک.هاوکات بژاردەکانی داونلۆد کردنی وێنە و فیلم و گرتە ڤیدیۆییەکان و پەیوەندی کردن بە کەسانی ترەوە بەشێوەکی ئێجگار ئاسان دەسکەوتێکی تری ئەم جۆرەی میدیاییە.

**6- میدیای زانیاری:** (Information Media)بە میدیای زانیاری و تەکنەلۆژیاش ناودەبرێت و ئاماژەیە بۆ ئەوپەڕی سوود وەرگرتن کە لە تەکنەلۆژیای پەیوەندی کردندا بەدی هاتووە، سەبارەت بە بەرهەمهێنانی زانیاری و پەخشکردنی بۆ جەماوەرێکی بەرفروان بە بێ بوونی بەربەستی جوگرافی و نەتەوەیی، هاوکات رادەی ئاسانکاری پەیوەندی کردن لە نێوان بەکارهێنەراندا لە رێی ئەپڵیکەیشنە جۆراوجۆرەکانەوە دەسکەوتێکی تری ئەم تەکنەلۆژیا نوێیەیە، هەڵبەت دەستەواژەی زانیاریش دەگەڕێتەوە بۆ لێشاوی ئەو زانیاریانەی بۆ جەماوەر بەردەست خراوە لە سایەی تەکنەلۆژیادا. (الدعمي، 2016: 62)

**7- سۆشیاڵ میدیا:(Society Media)** فۆرمەکانی پەیوەندی کردنی ئەلکترۆنی وەک پێگە ئەلکترۆنییەکانی پەیوەست بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بلۆگە بچووکەکان کە لە لایەن بەکارهێنەرانەوە لە رێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە پێک دەهێنێت بە مەبەستی شێر کردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچون و نامە و ناوەڕۆکی تری وەک گرتە ڤیدیۆییەکان. (www.merriam-webster.com) سۆشیال میدیا دەستەواژەیەکی گشتگیرە سەبارەت بەو پێگە ئەلکترۆنی و ئەپڵیکەیشنانەی کە فۆکەس دەخانە سەر پەیوەندیکردنە کۆمەڵایەتی و کارلێکیەکان و شێرکردنی بابەتە ئاڵوگۆڕکراوەکان. هەریەک لە پێگەی ئەلکترۆنی و بلۆگە پچوکەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان جۆرێکن لە سۆشیاڵ میدیا. (whatis.techtarget.com)

**8- مەڵتی میدیا:**(Multimedia) بەو بەرهەمە یاخود خزمەتگوزاریە ئاوێتەیانە دەوترێت کە خۆی لە ئاوێتە بوونی نێوان (تێکست و دەنگ و وێنە و ڤیدیۆ و داتا و...هتد) دەبینێتەوە کە پێشتر هەریەکەیان بە جیا بەرهەم دەهێنران. لە ئێستادا لە سایەی

ئەو بژاردە کارلێکیەی لە نێو میدیادا بە هۆی تەکنەلۆژیاوە بە دەست هاتووە، بەکارهێنەر دەتوانێت بە ویستی خۆی مامەڵە لەگەڵ بابەتەکانی مەڵتی میدیادا بکات. سەرباری ئاڵوگۆڕکردنی بابەتە میدیاییە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی نێوان دەمەزراوەکان، و فرەیی خزمەتگوزاری میدیایی و مامەڵە ئەلکترۆنییەکان، سەرجەم چالاکیە ئابووری و بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک خزمەتگوزارییە گشتیەکان لە دوورەوە،و بواری پزیشکی و وبازرگانی ئەلکترۆنی... هتد، دەگرێتەوە کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی دەکەن. (لسلي، ماكاريز،2001: 7-8)

**9-میدیای ئەلکترۆنی:**(Electronic Communication) گوزارشتە لە میدیای سەردەم کە لە چەمک و بنەما گشتیەکان و ئامانجەکاندا لەگەڵ میدیای کلاسیکدا یەکدەگرنەوە، ئەوەی جیای دەکاتەوە لە میدیای کلاسیک بریتیە لە پشت بەستن بە شێوازە نوێیەکانی میدیا کە خۆی لە ئاوێتە بوونی نێوان ئامڕازە پەیوەندییە کلاسیکیەکاندا دەبینێتەوە، بە مەبەستی گەیاندنی ناوەرۆکی پەیامەکان بە شێوەیەکی پاراوتر و کاریگەرتر و فراوانتر. ئینتەرنێتش دەرفەتێکی ئێجگار زۆری لە بەردەم میدیاکاراندا رەخساندوە تا بتوانن بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی بابەتە میدیاییەکان بڵاوبکەنەوە بە بێ گەڕانەوە بۆ ئامڕازە کلاسیکیەکان. (الدليمي،2013: 177)

10- **هایپەر میدیا:**(hyper media) لە چەند بەشێکی زانیاری و لینکی نێوانیان پیکدێت نموونەی ئەوەش ئەو تێکستانەیە کە پەراوێزیان هەیە و دەشێ ببینرێن و لە رێی هێمای پەراوێزەکانەوە دەتوانین لە زانیارییەکەوە بچین بۆ زانیارییەکی تر . ( Cliff Mcknigh &others,1992:2.) بە هۆی سروشتی بەیەکدا چوو،هەروەها توانای پێکهێنانی زانیاری بەیەکەوە بەستراو بە هۆی گەیەنەرە هەیپەرییەکانەوە پێی دەوترێت هایپەر میدیا . (الدليمى ،2020: 29)

11- سایبەر سپەیس:(Cyberspace) ژینگەیەکی گریمانەییە کە پرۆسەی پەیوەندییەکانی پێ مەیسەر دەبێت لە سەر سکرینی کۆمپیوتەر لە سایەی ئینتەرنێتەوە. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و زیاد بوونی بەکارهێنانی، سایبەر سپیس بووە دەستەواژەیەکی باوەی بواری ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی لە ساڵانی نوەدەکاندا. (الدعمی، سەرچاوەی پێشوو: 64) بۆ یەکەم جار ئەم دەستەواژە لە(1982) لە لایەن رۆمان نووسی ئەمریکی بە رەگەز کەنەدی(ولیام گیبسن)ەوە بەکارهێنرا لە کورتە چیرۆکەکەیدا بە ناوی ((Burning Chrom) کە بەهۆی کۆمپیوتەرەوە دروست کرا، و گوزارشتێک بوو بۆ واقعی گریمانەیی. (www.researchgate.net)

**12- میدیای هاوبەش**:(Participatory Media) واتا رێ هەمیشە لە بەردەم هاوڵاتی ئاسایدا بەشدار بێت لە دارشتنی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان بە هاوکاری میدیاکارە پرۆفیشاڵەکان کە دواجار ئەو بەرپرسیارێتی بەرهەم هێنانی پەیامی (میدیاکار) لە ئەستۆ دایە کاتێک کە پەخش و بڵاو دەبێتەوە، ئەم چالاکیە هاوبەشیەش خۆی لە چەند فۆرمێکدا ببینێتەوە، دەشێ کۆمێنتی جەماوەر بێت لە بارەی ئەو چیرۆک و هەواڵانەی بڵاو دەکرێنەوە ببێتە مایەی پێدانی بابەتی بینراو و یان بیستراوە بە دامەزراوە میدیاییەکان کە جەماوەر خۆی ئامادەی کردووە دەبێتە تەواوکاری ئەو هەواڵ و چیرۆکانە. (عبده، 2016: 44-45)

**4- تایبەتمەندییەکانی دیجیتاڵ میدیا**

**1- کارلێکی:** دیجتاڵ میدیا لەسەر ئەو بیرۆکەیە بونیاد نراوە، کە جەماوەر توانای بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکە میدیاییەکانی وەک سازاندن و پێداچوونەوە و مۆنتاژی رۆژنامەوانییەکانی هەبێت لەڕێی ئەو ئامڕازە تەکنەلۆژیانەی بۆیان فەراهەمکراوە. هەربۆیە خۆی دەبێتە کۆنترۆڵکاری ئەوپەیامەی دەینێرێت و پەخشی دەکات بەم هەنگاوەش لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا رۆڵی نێرەر و وەرگریش دەگێرێت دەبێتە پەیوەندییەکی دوو ئاڕاستە (Two Way Communication)ی کارلێکی بەو مانایەی وەرگر لەڕێی ئامڕازە نوێیەکانی پەیوەندیکردنەوە توانای وەڵامدانەوەی ئەو پەیامەی دەبێت کە ئاڕاستەی دەکرێت.

**2- ئازادی کاری میدیایی:** بەرفراوانکردنی دەرفەتی ئازادی میدیایی وەک تایبەتمەندییەکی تری تەکنەلۆژیای دیجیتاڵ میدیا هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. بە جۆرێک بەستنەوەی هەر تاکێک بە تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە واتا رەخساندنی دەرفەتی نووسین و بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی، کە دەتوانێت بە ئاسانی و بە تێچوونێکی کەم ئاڕاستەی سەرانسەری جیهانی بکات . لەپاڵ بڵاوبوونەوەی ئامێرە زیرەکەکانی وەک مۆبایڵ و بوونی تۆڕەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و تویتەر و یوتیوب بلۆگەر و...هتد وایکردووە جەماوەر ئازادانە گفتوگۆی هەر بابەتێک بکەن کە بە خەیاڵیاندا دێت لەگەڵ کەسانێک کە لە هەر شوێنێکی دنیادا بن، بە بێ بوونی هیچ بەربەستێکی پەیوەست بە کات و شوێن. (البدراني،2017: 14-15)

**3- پشت بەستن بە مەڵتی میدیا:** ئینتەرنێت سەرچاوەی زۆرترین سوودمەندی پەیوەندیکردنە لە سایەی تەکنەلۆژیای مەڵتی میدیاوە دەرفەتی پەیوەندیکردن دەرەخسێنێت لە یەکاتدا لە ڕێی کیبۆرد و دەنگ، وێنە وتێکستەوە پەیامە میدیاییەکان دەگەیەنێت بە وەرگر.

**4- هەڵبژاردنی ئارەزووەمەندانە:** بەکارهێنەرانی دیجیتاڵ میدیا زۆرترین دەرفەتی هەڵبژاردنیان بۆ واڵایە، تا بە ویستی خۆیان ئارەزوومەندانە ئەو ناوەڕۆکانە هەڵبژێرن کە لەگەڵ پاڵنەرەکانیاندا دەگونجێن، ئەو بەرکەوتنە ئارەزوومەندانەش(Selectivity) وا دەکات کاریگەری دوو هێندەی جەماوەری لێ پەیدا بێت کە پێدەوترێت بەرکەوتنی ئارەزوومەندانە بە ئامڕازە میدیاییەکان، بەو مانایەی جەماوەر ئەو بابەتانە دەستنیشان دەکەن کە ویستی خۆیانە. (شاهین،2014: 66 –67)

**5- ئاسانی گەشتن بە زانیاری و بڵاوکردنەوی لە هەمانکاتدا:** هەروەک چۆن ئامڕازەکانی دیجیتاڵ میدیا لە توانایدایە بڕیکی زۆری زانیاری فەراهەم بکات، لەهەمانکاتدا پڕۆسەی بڵاوکردنەوەشی ئاسان کردووە. ئەم تایبەتمەندییەش یارمەتیدەرە بۆ نەهێشتنی ئەو بۆشباییەی لە نێوان بەرهەمهێنانی هەر پەیامێکی میدیایی و بەکارهێنەرانیدا دروست دەبێت. بە جۆرێک وایکردووە بەکارهێنەرانی پەیام لە هەمانکاتدا خۆیان بەرهەمێنەری بن و بە ویستی خۆیان هەر کاتێک هەر زانیارییەکیان پێویست بێت بە دەستی بێنن، بەمەش ئەرشیفێکی ئەلکترۆنی بێ کۆت وبەند بۆ هەمووان فەراهەمکراوە.

**6- نوێ بوونەوە و ئەبدەیتی بەردوەام:** بەبێ دەستنیشانکردنی وادەیەکی دیاریکراو بابەتە میدیاییەکان بەردەوام ئەبدەیت و نوێ دەکرێنەوە بە ڕادەیەک نوێ بوونەوە و کارلێک بەردەوام و وێنە و گرتە ڤیدیۆییەکانی ناوەڕۆکە میدیاییەکان وایکردووە هاوڵاتی بەردەوام بە ئاگا بێت لەو ڕووداوانەی کە لە تەواوی جیهاندا ڕوو دەدەن، لە سایەی پەخشی بەردەوام و نوێی کردنەوەی بەردەوامی هەواڵ و گۆڕانکارییەکان هەنگاو بەهەنگاو و بەستنەوەی بەردەوامی بەکارهێنەرە بە بێ ئەوەی ناچار بێت چاوەڕێ کاتی گەشتی هەواڵەکان بکات تا بزانێ چی دەگوزەرێت ، یان لە رۆژنامەی رۆژی دواتردا هەواڵی رۆژی پێشتر بزانێت.( الدليمی،: 34-35)

**7- کۆکردنەوەی هەردوو تایبەتمەندی هاوکات بوون وپێچەوانەکەی :**هاوکات مەبەست لە بەرکەوتنی جەماوەرە بە بەرنامە یاخود هەر بابەتێکی میدیایی لە کاتی پەخش کردنیدا، کە ئینتەرنێت بە گشتی ودیجیتاڵ میدیا بەتایبەتی توانیویانە بەتەواوی ئەو کارە بڕەوێنەوە، بە جۆرێک هەر بابەتێک یاخود فیلمێک دەکرێی لە ڕێی پێگەی یوتیوب یاخود هەر پێگەیەکی ترەوە بێت وەرگر بە ویستی خۆی و لەو کاتەی کە خۆی بە گونجاوی دەزانێت دووبارە سەیریان بکاتەوەم نەک بە پێی ئەو کاتەی ئامڕازێکی میدیایی بە سەریدا دەسەپێنێت کە ئەمەش پابەند نەبوون بەکاتەوە دەگەیەنێت واتا چیتر رەگەزی کات گرنگیەکی ئەوتۆی نیە بۆ بەرکەوتن بە بابەتە میدیاییەکان.( أمين، 2015: 91)

**8- مۆبایڵ میدیا :** گۆڕانکارییە خێراکان وایکرد مۆبایڵ بە تەنها ئامڕازێکی گواستنەوەی نامە و پەیوەندییە تەلەفونییەکان نەبێت، بەڵکو ببێتە ئامرازی گواستنەوەی وێنە و ڤیدیۆ، و دواجار لە پڕۆسەیەکی خزمەتگوزاری پێگەشتوودا خۆێ سەپاند کە ئاوێتە بوونی تێکست و وێنە و ڤیدیۆ لێ پەیدا بوو. ئیتر (مۆبایڵ وناوەڕۆکەکانی) بووە بابەتێکی سەرنجڕاکێش و کێبڕکێی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بەرپا کرد، و مۆبایڵ میدیا بووە پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان و دامەزراوەکان هەوڵیان بۆ دەدا، کە ئەمەش وادەکات بایەخی زیاتر بدرێت بە دیراسە کردنی ناوەڕۆکی ئەلکترۆنی ئامێری مۆبایڵ و بنەماکانی جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتە رۆژنامەوانیەکانی مۆبایڵ میدیا و چۆنیەتی وێنە گرتن ناوەڕوکێکی میدیایی کە گوزارشتە لە بابەتێکی بینراوی بیستراوی و تێکست ئامێز سەرباری زیاد بوونی رەهەند جوگرافی بۆ سەر ڕاپۆرتیەکان لە ڕێی ئەو ژینگەیەی دەوری ئەو ناوەڕۆکە داوە کە پێشکەشی خوێنەر یاخود بەکارهێنەر دەکرێت و چونیەتی دابەشکردنی ناوەڕۆکەکان بە بەکارهێنانی کورتە نامە وپرۆگرامەکانی مۆبایڵ و سۆشیاڵ میدیا. (الشرقاوی، 2014: 45)

تۆڕەکانی ئینتەرنێت و موبایڵ وئامێرە زیرەکەکانی تر وایـان کـردووە پـێگە و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان تـا رادەیەک ببێـتە کەنـارێکی ئارامی دەربڕینی رای ئازادی جەماوەر کە دەشێت هەندێ جار ناو و ناسنامەیان نادیار بێت. (رفعت، 2017: 121) ئەم بەرهەمانەی ئینتەرنێتیش بڵاوترین و کاریگەرترین ئامرازن بە رادەیەک هەندێ جار توانیویانە تەنانەت گاریگەرییە سینەمایی تەلەفزیۆن و بـابەتە نوسراوەکانی کتێبیش تێپەڕێنن، لە بەرئەوەی سەرباری تایبەتمەندی ئاسـانی مـامەڵە کردنیـان، لە یەک کـات و شـوێندا هەمـوو ئەو سـەرچاوانەی لە خۆگرتـووە، هەربـۆیە دەسـکەوتەکانی ئینتەرنێـت چەکێکـی دوو جەمسـەرە، دەشـێ بـۆ کـاری بـاش و خـراپیش بەکاربهێنرێت. دواجار باشترین ئامڕازە بخرێتە گەرلە لایەن هەر کەسێکەوە کە خواستی رەواجپێدان و بڵاوکردنەوە هەر پەیامێکی

هەبێت، هەربۆیە لە ڕێی مۆبایڵەوە ڕۆژنامە ئەلکترۆنی و بلۆگ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە دیارترین ئامڕازی مەیسەر بوونی ئەم بڵاو بوونەوە و کاریگەرییانە دەناسرێن. (الرشید، 2015: 597-598)

**2- پێگەی ئەلکترۆنی**

**1- دەرکەوتنی پێگەی ئەلکترۆنی**

بڵاوکراوەی ئەلکترۆنی لە یەکەم ساتی دەرکەوتنیەوە توانی بە شێوەیەکی بەرچاو لە مەیدانی میدیایدا خۆی بسەپێنێت، و ببێتە سەرچاوەیەکی بەهێزی زانیاری و سەرنجی توێژە جیاوازەکانی جەماوەر رابکێشێت و کاریگەری دوو ئاڕاستە دروست بکات، و تیۆرە کلاسیکیەکانی بواری میدیا سەراوژێر بکات، بە جۆرێک نێرەر بکاتە وەرگر و بەپێچەوانەشەوە. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بڵاوکراوەی ئەلکترۆنی بایەخێکی ئێجگار زۆری پێدرا لە بواری سیاسی وکۆمەڵایەتی ئابووری و تەواوی لایەنەکانی تری پەیوەست بە ژیان. (البدراني، 2014: 203) سەرەتای جموجووڵی بەکارهێنانی سیستمی بڵاوکردنەوەی ئەلکترۆنی لە بواری پیشەسازی میدیادا دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی رابردوو، کاتێک ئامێرە کۆمپیوتەرییەکان لە کۆتایی شەستەکاندا تێکەڵ بە کاری دامەزراوە میدیاییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو لە سەرەتای حەفتاکانیشدابە شێوەیەکی پراکتیکی پەیڕەوی لێکرا. جیاواز لە جاران سیستمێکی نوێ ئەلکترۆنی پێکهێنرا بۆ هەڵگرتن(Save) و ئەرشیف و گەڕاندنەوە و بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کە بووە سیستمێکی زانیاری تەکنەلۆژی و ئەلکترۆنی میدیایی. (حسن،2016: 87)

ئەم گۆڕانکارییەش چەندین قۆناغی بڕیوە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم کە شەستەکانی سەدەی رابردوو سەرەتای بەکارهێنانی سیستمە ئەلکترۆنییەکان بوو لە ڕۆژنامەدا، بەجۆرێک لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا بەرەبەر لە ژوورەکانی هەواڵی ڕۆژنامە ئەمریکی و کەندییەکان وڵاتانی تریشدا تا دەهات زیاتر بەکار دەهێنرا. تا وای لێهات ئینتەرنێت بوو بە ئامڕازی سەرەکی کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و پەیوەندیکردن، ئەمەش گۆڕانکاری گەورەی لە ئەدا و فۆڕمی کاری میدیایدا خوڵقاند هەتا دەهات پشتی زیاتری پێدەبەسترا، بە جۆرێک بەکارهێنانی ئینتەرنێت یەکێک بوو لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی و شارەزایی میدیاکاران. ساڵی (1976) کە لە ئەنجامی هاوکاری نێوان هەردوو دامەزراوەی هەواڵگری (BBC) و ئیندیپێندنت برۆتکاستین ئوثۆرتی (IBA) لەچواچێوەی خزمەتگوزاری تلیتێکست کە سیستمێکی تایبەت بوو بە دامەزراوەی یەکەم بەناوی (Ceefax) وهەروەها سیستمی دامەزراوەی دووەم بەناوی (Oracle) دەرکەوت. هەر لە بەریتانیا لە ساڵی(1979) خزمەتگوزارییەکی تر بە ناوی خزمەتگوزاری ڤیدیۆیی تێکست لەگەڵ سیستمی پرێستڵ(Prestel) سەریهەڵدا.( کنعان،٢٠١٤: ٣-١٢)

**2- پێناسەی پێگەی ئەلکترۆنی**

بڵاوکردنەوی ئەلکترۆنی تەکنیکێکی سەردەمە و کار لەسەر بڵاوکردنەوەی مەعریفە وگەیاندنی دەکات بۆ هەموو شوێنێکی جیهان، هەربۆیە ڕۆژنامەوانی ئەلکترۆنی خۆی بەسەر واقعی کەشی میدیاییدا سەپاندوە، بەجۆرێک بۆتە کێبرکێکارێکی بەهێزی ڕۆژنامەی چاپکراو. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو نەوانەی کە ڕۆژنامەوانی چاپکراوایان بەلاوە پەسەند نیە.( معوض،٢٠٢٠: ١٩٨)

هەربۆیە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە لەوانە:

**1-** ئەو پێگە ئەلکترۆنیانەیە کە سیفەتی ڕۆژنامە چاپکراوەکانیان بە سەردا جێبەجێ دەبێت و بە شێوەیەکی زۆر خێرا دەردەچن، و چەندین بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کلتوری و وەرزشیان لە خۆ گرتووە لە دوو توێی چەندین ژانری وەک (هەواڵ، چاوپێکەوتن، شیکردنەوە، لێکۆڵینەوە و وتار)دا بڵاودەکرێنەوە، بەڵام ئەوەی لە ڕۆژنامەی چاپکراو جیایان دەکاتەوە سەرباری خێرایی گەیشتن پێیان ، فرەیی بەردەست بوونی بابەتە میدیاییەکانە لە شێوەی تێکستدا و دووبارە گەڕاندنەوە بۆیان و نووسینەوە و سەیف و ئەبدەیت کردنیانە وەک تێکستێکی ئەلکترۆنی. (الشریف، ٢٠٠٩: ٣٥–٣٦)

**2-** هەموو ئەو بڵاوکراوە ئەلکترۆنییانەیە کە ڕووداوە جۆراوجۆرە گشتی و تایبەتیەکانیش لەخۆ دەگرێت، و دەتوانرێت لە ڕێی ئامێرە کۆمپیوتەرییەکانەوە و لە سایەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بخوێنرێتەوە. بیرۆکەی سەرەکی پێگەی ئەلکترۆنیش خۆی لە دەستەبەرکردنی بابەتە میدیاییەکانی وەک( هەواڵ، کۆمێنت،وتار، ڕاپۆرت، بابەتی بەدواداچوون...هتد) دەبینێتەوە کە بەهۆی تۆڕە خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێتەوە پەخش دەکرێن. (رشید،2020:91)

**3- تایبەتمەندییەکانی پێگەی ئەلکترۆنی**

ئەگەر پەیامەکانی ڕادیۆ دەنگ بێت، و تەلەفزیۆنیش وێنە ودەنگ بێت ، ڕۆژنامەش پەیامەکانی لە ڕێی تێکستەوە پێشکەش بکات، ئەوا پێگەی ئەلکترۆنی تاکە ئامڕازە کە دەتوانێت هەر سێکیان پێکەوە و بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ و پێکەوە بەستراو

پێشکەش بکات و ببێتە مایەی سوود بەخشین. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆگا دیجیتاڵییەی کە لەسایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا بۆ پەیڕەو کردنی کارە میدیاییەکان فەراهەم کراوە، و دەتوانرێت کاری کۆکردنەوە و ئەرشیف و پەخش و هەموو جۆری زانیارییەکی تێدا سەیف بکرێت و بکرێتە دۆکیومێنتێکی دیجیتاڵی و بخرێنە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت. لەو سۆنگەیەشەوە پێگەی ئەلکترۆنی چەندین تایبەتمەندی لە خۆ گرتووە لەوانە:

1- **خێرایی و ئەبدەیتی بەردەوام:** پێگەی ئەلکترۆنی بەوە جیا دەکرێتەوە کە خێرایە لە بڵاوکردنەوە و گەیاندنی زانیاری بە توێژێکی بەرفراوانی کۆمەڵگەی لۆکاڵی و جیهانی لە ماوەیەکی کەم و بە تێچوونێکی کەم. هاوکات ئەبدەیتی خێرا و بەردەوامی زانیارییەکان بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەی لە رووداوەکاندا روودەدەن و بە خێرای بوونی توانای لێکۆڵینەوەی دەستەجێ لە رووداوەکان لە رێی سەرچاوە جیاوازەکانی ئینتەرنێتەوە. (کنعان،:20)

2- **کارلێکی:** کارلێکی تایبەتمەندی سەرەکی دیجیتاڵ میدیاییە لە نێوشیاندا پێگەی ئەلکترۆنی کە رەگەزی کارلێکی رێی لە بەردەم بەکارهێنەرانی پێگە ئەلکترۆنییەکان هەموار دەکات تا مشتومڕی راستەوخۆ لەگەڵ نووسەری هەواڵ یاخود وتار یان هەر کام لە ژانرە میدیاییەکانی تر بکات و رای خۆی لەو بارەیەوە بدات بە بێ بوونی هیچ ناوەندگیریەک راستەوخۆ بگاتە نووسەرەی بابەتەکە

3- **هەمەجۆری:** لە رۆژنامەی کلاسیکدا میدیاکار کێشەی مەودا و پانتایی دیاریکراوی هەبوو بۆ بەرهەمهێنانی وتارێک بەو پێیەی دەبوو هاوسەنگی نێوان پانتایی دیزاینکراو و گونجاندنی تێکست رابگرێت. ئەرکی میدیاکاریش لەو دەسکەوتەدا خۆی دەبینیەوە کە دەبوو هاوسەنگی رابگرتایە لە نێوان تێکست و پانتای دیاریکراو دواجاریش یەکانگیربوونەوەی لەگەڵ داواکارییەکانی جەماوەردا، بەڵام ئینتەرنیت ئەم سنور و هێڵکارییەی لەبەردەم پێگەی ئەلکترۆنی رەواندۆتەوە و چەندین رۆژنامەی فرە رەهەندی فەراهەمکردووە کە دەتوانرێت لە رێیەوە پێویستی و بایەخی جیاواز و جۆراوجۆرەکانی جەماوەر پڕ بکاتەوە. (حسنین، 2011: 21)

4- **رووماڵکردنی خێرا و بەردەوامی رووداوەکان:** خێرا یاخود گەرماوگەرم مەبەست لە پێدانی هەواڵ و زانیاری خێرا و یەک بەیەکی رووداوەکانە بە وەرگر، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت زۆرێک لە هەنگاوە کلاسیکیەکانی وەک پابەند بوون بە کات ئامادە کردن و چاپ و بڵاوکردنەوەی تێپەڕاندووە، ئەم تایبەتمەندییەش گوزارشتە لە قەڵەمبازێکی مەزن بەراورد بەو هەوڵەی لە رۆژنامەی چاپکراوە لە رێی ئامرازە کلاسیکیەکانەوە دەدرا کە دەبووە کۆسپێک و دەرئەنجامەکەشی دروستبوونی کەلێنی لێدەکەوتەوە لە رووی خێرایی و بەدواداچوونی گەرماوگەرمی رووداوەکان، ئەم سروشتی نەرمی مامەڵە کردنەش کار لە پرۆسەی بەرهەمهێنان دەکات کە دەبێتە مایەی بە ئاگا بوون لە سەرجەم گۆڕانکاری رووداوەکان بە شێوەیەکی بەردەوام بە جۆرێک وا دەردەکەوێت کە چەند رۆژنامەیەک لە ناو رۆژنامەیەکدا بێت، نەک بە تەنها کاری رۆژنامەیەک بیت. واتا ریتمی خێرای کارکردن هاوشانی خێرایی سەردەم دەڕوات، ئەم ریتمەش ئاسوودەی دەبەخشێتە وەرگر و لەرێی پێدانی چەندین هەواڵەوە هەستی کۆنترول کردنی رووداوەکانی جهیانی لا دروست دەکات.

5- **زاڵبوونی نیودەڵەتی بەسەر لۆکاڵیدا:** بەرفراوان بوونی مامەڵەی جەماوەر لەگەڵ بڵاوکراوە ئەلکترۆنییەکاندا بۆتە بنەمایەک بۆ رێکخستنەوەی بایەخبەندییەکانی جەماوەر، بە جۆرێک چیتر لە روانگەیەکی کورت مەودا و دیاریکراودا مامەڵە لەگەڵ رووداوەکاندا ناکرێت، بەڵکو تێڕوانینی سەرتاپاگیری و گەردوونی خۆی بەسەر هەمووواندا سەپاندووە لەم جهیانە بەرتەسکەی نەک بۆتە گوندێکی بچووک بەڵکو تەنها ژورێکدا قەتیس بووە. بۆیە زۆرێک لە پێگە ئەلکترۆنییەکان بەراورد بە هەواڵە لۆکاڵییەکان تیشک دەخەنە سەر هەواڵ و دۆزە جهیانییەکان و لە سەرەتا و دەستپێکی پێگەکانیاندا بڵاوی دەکەنەوە کە ئەم جۆری مامەڵە کردنەش بۆتە بەشێکی لە زەرورەتی کاری میدیایی. (غازي، 2016: 183-180)

6- **توانا بەخشین و ویستی هەڵبژاردن:** توانا بەخشین بە جەماوەر لە نێو پێوەرە روژنامەوانی ئەلکترۆنیدا بیرۆکەی پەسەندە کراوە بە جۆرێک جەماوەر لە هەژموونێکی سادەوە بێتە بابەتێکی بەهاداری پرۆسەی کۆمیونیکەشن لە رێی بژاردەکانی ئەو دەنگ و وێنە و تێکستانەی کە بەردەستە، هەروەها سروشتی گونجاویی رۆژنامەوانی ئەلکترۆنی و پشت بەستنی بە تەکنەلۆژیا وا دەکات هەر بەرکارهێنەرێک کە سەردانی پێگەکان دەکات بتوانێت بە ویستی خۆی شێوازی بەرکەوتنی بە هەر پێگەیەک دەستنیشان بکات.( فياض، مجلة الباحث الإعلامي- جامعة بغداد- كلية الإعلام، العدد18، 2012: 118 )

7- **دابینکردنی ئەرشیفی ئەلکترۆنی:** بەکارهێنەرانی پێگە ئەلکترۆنییەکان دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ هەر بابەت و وتار و توێژینەوەیەک کە جێ بایەخیانە، و پێشتر لە سەر تۆڕەکای ئینتەرنێت ئامادە کراون ئەم هەنگاوەش رێگە بۆ توێژەران و

فێرخوازن هەموار دەكات بانكێكی زانياری بێشومار لە بەردەستياندا والا بێت، و بە ويستی خۆيان سوود لەو داتا و زانيارييانە وەرگرن كە مەبەستيانە، لە كاتێكدا ئەم خزمەتگوزارييە لە رێی ئەرشيف رۆژنامەی كلاسيكيەوە بە ئاسانی بەدەست نايەت كات و ماندووبوونێكی زۆری دەوێت بە هۆی ئەوەی كاری ئەرشيف كردنی دەستی بێ كەمووكورتی نابێت و دەشێ زۆربەی كاتيش هەوڵێكی بێهودە دەرچێت.

**8- نەبوونی سانسۆر و دەستەبەركردنی داتا ئامارييەكان :** ئەو دەرفەتی لەم بوارەدا فەراهەم كراوە، وايكردووە بە بێ بوونی هيچ كۆتوبەندێكی جوگرافی و سانسۆر پێگە ئەلكترۆنييەكان لە رێی ئينتەرنێتەوە بە جەماوەر بگات بە كەم ترين كات وتێچوونی دارايی ئەم هەلەش يارمەتيدەرە بۆ پێگە نەناسراوەكان هەموو بەربەستەكانی پەيوەست بەكات و شوێن تێپەرێنن و بكەونە كێبركێ لەگەڵ رۆژنامە بەناوبانگەكانەوە. هاوكات داتا و ئامارەكانی پەيوەست بە جەماوەر تايبەتمەندييەكی تری پێگە ئەلكترۆنييەكانە كە رۆژانە لە رێی سەردانی بەكارهێنەرانەوە بە شێوەيەكی ئۆتوماتيكی هەموو پێگە ئەلكترۆنييەكان ژمارەی بەكارهێنەران تۆمار دەكەن، ئەمەش رێگە خۆش دەكات تا بريار بەدەستانی بواری ميديايی بتوانن برياری گونجاو بدەن، و سوود لە ئامازە ئامارييەكان وەرگرن سەبارەت بە پەسەند كردنی بابەتی پێگەكانيان لە لايەن جەماوەرەوە. (البياتی، 2014 :182)

**4- جۆرەكانی پێگە ئەلكترۆنييەكان لە رووی خاوەندارێتيەوە**

مەودا فراوان و بێ ئەندازەكانی ئينتەرنێت و فرە جۆری لە خستنە رووی زانياری لە هەموو كايە و بوارەكاندا وايكردووە سەرجەم دامەزراوەكان بە حكومی و ناحكوميەوە هەر لە رێكخراو و سەنديكا و كۆمەڵە و تەنانەت خەڵكيشەوە پێگەی ئەلكترۆنی تايبەت بە خۆيان هەبێت. سەرباری بوونی چەندين پيگەی ئەلكترۆنی ميديايی تايبەتمەند بە هەواڵ و زانياری كە لە لايەن ئەودامەزراوانەوە بەرێوە دەبرێن كە ميديا چالاكی سەرەكيانە لە رووی ئابوورييەوە، و بە ستاندارده پشەييەكانی ميديا تاوتوێ دەكرێت جا لە سەر ئاستی نوسين و دەرهێنان بێت ياخود لە سەرئاستی ئێتيكی پيشەيی بێت. پێگەكانيش لە رووی خاوەندارييەوە دابەش دەبن بۆ:

**1- پێگە رسمييەكان:** ئەم جۆرەيان لە لايەن دەوڵەت و دامەزراوە رەسمييەكانەوە چاودێری دەكرێت وەک پێگە حكوميەكان و پێگەی زانكۆ و پارت و كۆمەلە و سەنديكا رەسمييەكان كە لايەنێكی پەيوەنديداری دەولەت پاڵپشتيان دەكەن ناوەرۆكەكانيان بە پێی چالاكيەكانيان دەبێت كە زياتر كار لە سەر ناساندنی چالاكی و خواست و ئامانجەكانيان دەكەن. (حسن، 2016: 115-116)

**2- پێگە تايبەتەكان:** كەسانێک بە مەبەستی پێكهێنانی پەيوەندی كۆمەڵايەتی نوێ و دەبرينی بيرورايان پێگە تايبەت بە خۆيان دادەمەزرێنن كە چەندين جۆری وەک پەيجە كەسی و چات و سەكۆی گفتوكۆ و بلۆگەكان دەگرێتەوە. ئەم چالاكيە كۆمەڵايەتيەش لە بواری بڵاوكردنەوەی كەسی كۆميونيكەيشنی ئەلكترۆنيدا بۆتە دەرهاويشتەی كۆمەڵێک ياسا ئەو كەسانە پابەند دەكات كە وتووێژ و گفتوگۆ دەكەن و ئەم پێگە كەسييانەی پێدەناسرێتەوە، هەروەها سەرچاوەيەكی دامەزراوەيی نيە تا ئەو ياسايەيانە پسەپێنێت بەڵكو دەرئەنجامی پێكهاتێكی گشتی خۆرسكی نێوان بەكارهێنەرانی ئينتەرنێتە كە دەشێ بە كۆنترۆڵكردنی خودی ناو ببرێت. (خلف،2014: 121 )

**3- پێگە ميدياييە تەواوكارييەكان:** ئەم جۆرەيان رۆڵێكی تەواوكاريی دەگێرێت لەپاڵ دەمەزراوە ميدياييە سەرەكيەكاندا جا رۆژنامەوانی بيت ياخود ئێزگە يان كەناڵی ئاسمانی وەک(پێگەی رۆژنامە چاپكراوەكان، پێگەی كەناڵی ئاسمانييەكانی ئەلجەزيرە، ئەلعەرەبيە و پێگەكانی CNN,BBC).بە شێوەيەكی گشتی ئەم جۆرەيان كار دەكات بۆ رەواجدان و پاڵپشتی كردنی دامەزراوەكە بەمەش رۆڵی تەواكاری دەگێرێت. هيچ بابەتێكش لە دەرەوەی دەزگا سەرەكيە بەرهەم ناهێنرێت، جگە لە هەندێ بابەت نەبێت كە دەشێ لە چوارچێوەيەكی دياريكراودا دووبارە بەرهەم بهێنرێتەوە تا لەگەڵ سروشتی ئينتەرنێتدا بيگونجێنن.

**4- پێگە ميدياييە پەتييەكان:** ئەم جۆرەيان تەواو پێگەيەكی ميديايی پەتيە لە بنەرەتدا لە رێی دەزگايەكی بازرگانی دانەمەزراوە ،ياخود ئەركێكی تەواكاری دامەزراوەيەكی ميديايی لە ئەستۆدا بێت، بەڵكو لە سەرەتای دروست بوونيەوە رۆڵی ميديايی سەرەكی خۆی دەگێريت پشت بە ستراكچەرێكی كارگێری سستماتيک دەبەستێت و فۆكەس دەخاتە سەر پێشكەش كردنی بابەتەكان بە گوێرەی بنەما ميدياييەكان كە زياتر لە لايەن كەسانی پروفيشناڵەوە بەرێوە دەبرێت. (موسى،135:2015 – 136)

**5- بلۆگە ئەلكترۆنيەكان (Blogs):** پێكهاتووە لەو پێگە كەسيانەی كە (نوسراو، وتار، ڤيديۆ،،،هتد) بڵاو دەكاتەوە كە زۆربەی كات لە لايەن تاكەكانەو يان دامەزراوە و دەستە ميديايی و بازرگانی و رۆشنبيرييەكانەوە خاوەنداری دەكرێت، لە پەخش كردنی بابەت و ناوەرۆكانيان پشت بە ريزبەندی كرۆنۆلۆجی دەبەستن بە گوێرەی مێژووی نووسينەكەی، كە خوێنەر دەتوانيت كارلێكی

لەگەڵ بابەتەکان هەبێت و ڕەخنە وکۆمێنتیان لە بارەوە بدات. بە هۆی سەرکەوتن وتوانای گوزارشتکردنی لە خواست و ئارەزووەکانی دەستە و توێژە پەراوێزخراوکان بڵۆگەکان(Blogs) بەرەو پێشچوونی زۆری بە خۆیەوە بینیوە لە زیاد بوونی بەکارهێنەراندا و بەردەوامیش لە هەڵکشاندایە. (بعزيز،2012: 70 )

**6- پێگە بازرگانیەکان:** کاری ئەم جۆرەیان ناساندنی کاڵا بەرهەمهێنراوەکانی ئەو کۆمپانیایانیە کە سپۆنسەری پێگەکە دەکات ئەمەش کاری فرۆشتنی بەرهەمی کۆمپانیاکە ئاسان دەکات لە ڕێی بازاڕکردنی ئەلکترۆنییەوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت پێگە بازرگانییەکان هیچ بابەتێکی میدیایی لە جۆری هەواڵ و زانیاری لە خۆ ناگرێت بەڵکو زیاتر کارەکانیان لە بواری بازرگانیدا چڕ دەبێتەوە، هەروەها پسپۆڕی تایبەتمەند و کەسانی خاوەن ئەزموون لە بواری میدیادا بەدی ناکرێت، بەڵام دەشی هەندێک لە خاوەنی کۆمپانیا گەورەکان پێویستیان بە کەسانی پسپۆڕ هەبێت لە بواری ریکلام تا کاری پێگە بازرگانیەکانیان بۆ بەرێوەبەرن. (أبو شنب، 2016: 134 )

**7- پێگە ڕێنوێنیەکان:** ئەو پێگە گەورانەیە کە بە ڕێنوێنیکاری توێژینەوەی زانستی دەناسرێن لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت، هەروەها ئامێرەکانی گەران(Search Engine)ی وەک یاهوو، و گوگڵ(Yahoo-Google) و چەندین جۆری تر لە هاوشێوەی ئەم پێگەنە کە مەودایەکی زۆری ریکلامیان لە خۆ گرتووە. (الهلالي، 2013: 72 )

**8- پێگە کۆمەڵایەتییەکان:** پێگە کۆمەڵایەتییەکان زۆرترین ڕەواجی هەیە لە لایەن جەماوەرەوە لەبەر ئەوەی هۆکارێکە بۆ یەکتر ناسین و دروستکردنی پەیوەندی و ئاڵگۆڕکردنی کلتور بەتایبەت لەم چەند ساڵانەی دوایدا بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاو بوەونەوە و پێشوازییەکی بێ ئەندازەی لێکرا کە لە ڕێی ئەم پێگەنەوە پرۆسەی شێرکردن و ئاڵوگۆر کردنی بیرۆکە و زانیاری و وێنە و ڕووداوەکان بۆتە کارێکی ئێجگار ئاسان لە پێگەکانی وەک(Facebook, Linkedin, Myspace, Instagra ) و چەندین پێگەی تریش کە بەشێوەکی باو لە نێو جەماوەردا بە کاردەهێنرێت.

**9- پێگەی سەرگەرمی و کات بەسەربردن:** ئەم جۆرەشیان بەشێوەیەکی بەرچاو باوە، ئامانجیش لێان سەرگەرم کردن و چێژ وەرگرتنی بەکارهێنەرانە لە ڕێگەی پەخشکردنی یاری و میوزیک و گۆرانی و فیلمەکان و...هتد. (رشيد،2020: 148)

## 3- میدیای هونەری و بابەتە سینەماییەکان

### 1- دەرکەوتنی میدیای هونەری

میدیای هونەری وەک هۆیەک لە هۆیەکانی کۆمیونیکەیشنی مرۆیی و بڵاوکردنەوەی مەعریفی لە نێو شارستانیە دێرینەکاندا پەیرەو کراوە ،تا ببێتە پاڵنەرێک سەقامگیری بۆ کۆمەڵگە مرۆییەکانی ئەو سەردەمە، و برەودان بە وتووێژی کۆمەڵایەتی کارلێکی کە مایەی پەیدابوونی سیستمێکی پەیوەندی بەردەوامی نێوان تاکەکانە بەو پێیەی پەیرەوە نەریتی و کۆمەڵایەتییەکان گۆڕەپانێکی پەسەندکراوی ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن بوون کە لە شێوەی ئاماژە و جووڵە و زماندا دەردەکەت. مرۆڤ لە سەردەمە دێرینەکاندا پێویستی بەوە بووە لە ڕێی ئەو ئامراز و چالاکە هونەرییە سەرەتاییانەی پەیرەوی لێدەکرد داهێنانەکانی خۆیی بگەیەنێتە هاودەم و یاوەرەکانی، بە جۆرێک سوود گەیاندنی تەنها لە چوارچێوەی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ڕۆژانەیدا کورت نەبۆتەوە، بەڵکو پەلی کێشاوە بۆئەو جوانی و سەلیقەیەی لە دەرەروەی سنووری پێداویستییەکانی ڕۆژانە بوون. وێنە یەکیک بووە لەو ئامرازە گونجاوە گوزارشت ئامێزانەی کە توانای بەدیهێنانی ئەو خواستانەی هەبووە، کاتێک کە گرنگترین چالاکیەکانی ڕۆژانەی خۆیان تۆمار دەکرد لە ڕێی ئەو وێنانەی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان یاخود پێستی بزن دەیانکێشا. میدیای هونەری بە چەندین شێواز یارمەتیدەر بووە لە ڕێی شوێنەوار و وێنەی دێرینی گەلان و بیروباوەری ئاینی و ئەفسانە جۆراوجۆرەکانیانەوە بە شیوەیەکی سادە وساکار شی بکاتەوە کە گوزارشتە لە بیرکردنەوەی مرۆڤی ئەو سەردەمە، وەک ئاگر کردنەوە و سەما کردن بە دەوریدا و کۆکردنەوەی خەڵکی بە مەبەستی دەربرینی بۆچوونەکانی بەو پێیەی هەمیشە پێویستی بە باسکردن هەموو شتەکانی دەوروبەری بووە، وێنەش ئامرازێکی میدیایی گونجاو بووە بۆ هێنانەدی ئەم خواستە. (الشحماني، 2020: 25 )

هەربۆیە میدیای هونەری بە یەکێک لە کۆنترین بوارە تایبەتمەندەکان دادەنرێت بەو پێیەی بواری میدیایی لە سەرەتاکانیدا چالاکیەکی ئەدەبی بووە، لەو سۆنگەیەشەوە ئەدەب وهونەر دروشمی زۆرێک لە ڕۆژنامە وگۆڤارەکان بووە. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕۆژنامەوانی چەمکی ئەدەبیش گەشەی سەندوە، و بڵاوکراو و گۆڤاری تایبەتمەند لە بوارە هونەرییەکانی وەک هۆنراوە و ڕەخنە و چیرۆک و شانۆ دامەزرا. پاشان لە ساڵانی دواتر بە هۆی زیاد بوونی چالاکیە هونەرییەکان و دەرکەوتنی سینەما و تەلەفزیۆن

کارکردنی ژمارەیەکی زیاتری هونەرمەندان و دەرکەوتنیان لەبوارەکەدا  و هەروەها کاری هونەری زیاتر، ئەمەش وایکرد چەندین گۆڤاری هونەری دەربچێت. (شمايلة و الاخرون،2015: 30 -31)

**1- چەمکی میدیای هونەری:** لەگەڵ پێشکەوتنی رۆژنامە چەمکی ئەدەبیش سەریهەڵدا، و بڵاوکراوەی خولی و گۆڤاری تایبەتمەندی هونەری و ئەدەبی پەیوەست بە(هۆنراو، چیرۆک و رەخنە) دەرکەوتن. لە لایەکی ترەوە گەشەندنی جموجوڵی سینەما و شانۆ دەرکەوتنی تەلەفزیۆن و میوزیک و هونەری شێوەکاری چەمکی هونەری پشنگدارتر کرد و چەند هۆکارێکیی تریش یارمەتیدەر بوون لە بڵاو بوونەوەی میدیای هونەری . (الرفاعي،2020: 105 ) میدیای هونەری کۆی ئەو هونەر و فۆرمە میدییانە دەگرێتەوە کە ڕووماڵی بابەتە هونەرییەکان دەکەن وەک: هەواڵی هونەرمەندان، سینەما، شانو و وێنە کێشان. هاوکات بەشێکە لە میدیای تایبەتمەند جا هەر جۆرێکیان بێت لە خوێندراو (رۆژنامە)، بینراو (تەلەفزیۆن)، بیستراو (ئێزگە). ئەم جۆرەی میدیا لە بنەمادا بایەخ بە لایەنی هونەری دەدات تا ئاڕاستەی جەماوەرێکی تایبەتمەندی بکات کە چەند خاسیەتێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە. فراوانبوونی چەمکی میدیای هونەری وایکرد هەریەک لە فۆرمەکانی هونەر بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیی هەبێت.

**3-پێگەی هونەر لە ناو رووماڵە میدییەکاندا :** کارکردن لە بوارە جیاوازەکانی کایەی رۆژنامەوانیدا بێگومان سەلیقە و لێهاتووی خۆی دەوێت لەو سۆنگەیەوە کاری میدیای بۆ خۆی هونەرێکە کارامەیی مەمەڵەکردن لەگەڵیدا دەبێتە ناسنامەی سەرکەوتن و بەرجەستەکردنی بەرهەمێکی میدیایی سەرنجراکێش و پەسەندکراو لای جەماوەر. بەو پێیەی لێشاوی بەرهەمە میدیاییەکان وایکردووە بەردەوام میدیا لە هەوڵی ئەبدەیتکردنەوە و داهێنانسازیدا بێت تاوەکو بتوانێت شانبەشانی گۆرانکارییەکان گوزەر بکات و لەقاڵبە کلاسیکیەکاندا قەتیس نەبێت. ڕووماڵکردن و بەرهەمهێنانی هەر بابەتێکی میدیایش پاکێجێکی تەواکاری و کۆمەڵی هەنگاوی لێک دەنەبڕاوە لە چوارچێوەی گەشتێکی هونەریدا بەرهەمێک لە دایک دەبێت کە زادەی سەلیقە و دەسترەنگینی خاوەنەکەیەتی بەتایبەتی و دامەزراوە میدیاییەکە بەگشتی، هەڵبەتە بە پێی جیاوازی ئامرازەکانیش شێوازەکانی رووماڵکردن و بەرهەهێنان جیاواز دەبن. تایبەتمەندی بوارەکانیش مامەڵەکردنی جیاواز دەخوازێت. یەکێک لەو بوارانەش کارە هونەرییەکان کە میدیا لە چوارچیوەی تایبەتمەندیدا مامەڵە لەگەڵ رووماڵکردنیدا دەکات واتا هونەر لە هەناوی هونەرێکی تردا دەخولقێت کەرەنگە مەمەلەکردنێکی وردتر بخوازێت بەوپێیەی چەندین جۆری وەک فیلم، شانو، هۆنراوە، میوزیک، گۆرانی، نیگارکێشان و...هتد لە خۆ دەگرێت بە هۆی جیاوازی جۆری جەماوەرکەش ئەرکەکە قورستر دەکات، بۆیە گەر جاریک رووماڵکردن و بەرهەمهێنان بۆ خۆی هونەرێک بێت ئەوا مەمەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتە هەستیارانەدا هونەرێکی ترە، و لەو گۆشەنیگایەشەوە هەریەکێکیان بایەخی خۆی دەسەپێنێت. (توێژەر)

- ♦ **رەگەزەکانی رووماڵکردنی کارە هونەرییەکان**

چوار رەگەزی سەرەکی پەیوەستن بە ڕووماڵکردنی کارە هونەرییەکان، ئەوانیش:

**1- بەشدارانی کاری هونەری:**پێویستە ئاماژە بە توانا مرۆییەکان بکەین لە برەودان بە داهێنانی هونەری و پێشکەشکردنی بەجەماوەر، لێرەشدا رەگەزی ناوبانگ رۆڵێکی سەرەکی دەگێرێت، تا ناوبانگی کەسی بەشداربووش لەو کارە هونەرەیەدا زیاتر بێت بایەخی ئەو کارە هونەریە زیاتر دەبێت، بەوەش بایەخی بەدواداچونە رۆژنامەوانیەکەش زیاتر دەبێت. ناوە گەروەکان هەواڵی گەروە دروست دەکەن، خوێنەریش بە سروشتی خۆی حەزی لە بەدواداچونە بۆ هەواڵی کەسە بەناوبانگ و ئەستێرە درەوشاوەکانی هونەر، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەسانی ئاسایی فەرامۆش بکرێن، و رۆژنامەوانیی هونەری پابەندکراوە بە پشتیوانیکردن لە کەسانی بەهرەمەند ئەگەرچی لەسەرەتای کاری هونەریشیاندا بن.

**2- ناوەرۆکی کاری هونەری:**پێویستە بەدواداچونی رۆژنامەوانی بابەتی کارە هونەرەیەکە و بیرۆکە و ناوەرۆك و رەهەندەکانی لەخۆ بگرێت، تا خوێنەر لە کارە هونەرەیەکە تێبگات و بە رەهەندەکانی ئاشنا بێت، هاوکات نابێت بیرۆکەی نوێش فەرامۆش بکرێت کە کارە هونەرەیەکە پێشکەشی دەکات.

**3- شێوەی کاری هونەری:**مەبەست لێی ئەو شێوازە هونەریانەیە کە کارە هونەرەیەکەی پێ ئەنجام دەدرێت و پێویستە گونجاو بێت لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا و بۆ ئەو جەماوەرەش کە ئاراستەی دەکرێت.

**4- هەڵویستی جەماوەر:**بەدواداچونی رۆژنامەوانی پابەندکراوە بە دیاریکردنی کاردانەوەی ئەو جەماوەرەی کارە هونەریەکەی ئاراستە دەکرێت و مەودای قبوڵکردن و رەتکردنەوەی لەلایەن جەماوەرەوە و هۆکارەکەشی بەهەند وەرگیرێت. (ابوزيد، 1986: 156-157)

**4-هۆکاری بڵاو بوونەوەی میدیای هونەری**

لەپاڵ بڵاوبوونەوەی هۆکارەکانی پەیوەست بە سەرهەڵدانی میدیای تایبەتمەند چەند هۆکارێکیش بوونە هۆی سەرهەڵدانی میدیای هونەری ئەوانیش: (الرفاعي، 2020: 112-113)

1- رێنیسانسی(نوێگەری) هونەری لە ئەوروپا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم لە بواری وێنە کێشان وێنە گرتن.

2- زیاد بوونی بایەخی گروپە شانۆییەکان لە وڵاتانی جیهان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا.

3- سەرهەڵدانی سینەما لە فەرەنساوە، و بڵاوبوونەوەی بە هەموو جیهاندا.

4- دەرکەوتنی تەلەفزیۆن کە بووە مایەی زیاد بوونی ژمارەی هونەرمەندان و بەرنامە تەلەفزیۆنیە هەمەرەنگەکان، و دروست بوونی ئەو گۆڤارە هونەریانەی بوو بونە مایەی راکێشانی سەرنجی خوێنەران لەرێی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەرخستنی نهێنیە تایبەتییەکانی ژیانی هونەرمەندە ناودارەکان و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا.

4- بەرەوپێشچوونێکی زۆر لە هونەری چاپ و دەرهێنانی میدیایدا لە ناوەڕاستی دووەمی سەدەی بیستەم، بە جۆرێک ئەم جۆرەی میدیا( رۆژنامە – گۆڤار) پشتی بە چاپی باشتر و وەرقەی گرانبەها و وێنە و رەنگ و دەرهێنانی سەرنجراکێشتر دەبەست بەراورد بە بڵاوکراوە ئاساییەکانی تر.

**5- ئامانجی میدیا هونەری**

میدیای هونەری چەند ئامانجێکی هەیە کە دەشێ لە چەند خاڵێکدا بخرێنە روو:

1- میدیای هونەری کار لە سە دەرخستنی هەموو جۆرەکانی هونەر و رۆڵی نوسراوە و بڵاوکراوە و کاریگەرییان دەکات، هەروەها کار لە سەر کاریگەری رۆژنامەوانی دەکات بە تیشک خستنە سەر نوسەر و هونەرمەندان بە مەبەستی ناساندنیان.

2- دروستکردنی گۆڕانکاری لە شێوازی بیرکردنەوە و جوانکردنی شێوازی ژیان، چونکە هونەر ئامرازێکی گەڕانە بە دوای خۆشبەختیدا میدیا ئامرازی گەیاندنی ئەم خۆشبەختیەیە.

3- نزیک کردنەوەی جەماوەر لە شکۆمەندی لە بارودۆخێکی بێگەرددا کە هەموو رەهەندە مرۆییەکانی لە مرۆڤدا دەهێنتە دەرەوە و دەیکاتە داهێنەر ، کە دواجار ناوی بە زیندووی و کارەکانی بە نەمری دەمێنێتەوە وەک ئەو هونەرمەندانەی لە ژیاندا نەماون بەڵام کارەکانیان لە رێگەی بەهرەکانیانەوە هەمیشە چیرۆکی ژیانیان دەگێڕنەوە.

5- میدیای هونەری کار لە سەر ناساندنی گەیاندنی هونەر دەکات بۆ گۆڕینی هەستی جەماوەر و بەخشینی چێژی ژیان پێان و دابین کردنی ئاسوودەی بۆیان. (طلاب الفرقة الثالثة،94:2019)

**6- پێگە ئەلکترونییە سینەماییە کوردییەکان**

بەگشتی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان لە سەرەتای دروست بوونیانەوە بۆ سێ جۆر(پۆلێن)کراون

**1-** رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵە ئاسمانییەکان پێگەی پەیوەست بە خۆیان لە سەر تۆری ئینتەرنێت دامەزراند، تا بتوانن شانبەشانی گۆرانکاریە تەکنەلۆژییەکان هەنگاو بنێن و خۆیان بگونجێنن. سەرپەرشتیاری ئەم پێگە ئەلکترونییانەش هەمان ئەو کارمەندانە بوون کە لە کەناڵ و گۆڤار یاخود رۆژنامەکەدا کاریان دەکرد. پێگەکەش کۆپییەک بوو لە هەمان رۆژنامەی چاپکراوی دامەزراوەکە لەگەڵ هەندێک خزمەتگوزاری کارلێکی. وەک رۆژنامەی( کوردستانی نوێ، رۆژنامەی خەبات، هاوڵاتی و ئاوێنە).

**2-** پێگە هەواڵییەکان، ئەم جۆرە بایەخی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ داوە، و رووبەرێکی زیاتری هەواڵ و رووماڵکردنی بۆ خوێنەران رەخساندووە، کە رەنگە لە رۆژنامە چاپکراوەکاندا فەرامۆش کرابێت. وەک( دەزگای هەواڵی پەیامنێر، کوردستان ئۆنلاین و کوردستان فۆڕ نیوز).

2- ئەو رۆژنامە ئەلکترۆنیانەی راستەوخۆ لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت پەخش دەکران و هیچ وێنەیەکی چاپکراویان نەبووە وەک (کوردستان نیوز). (حمە صالح، 2008: 181-187)

**پاری چوارەم: لایەنی مەیدانی**

**خشتەی (1) تایبەتمەندییەکانی نمونەی توێژینەوە**

| گۆڕاو | ڕەگەز | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 24 | 80.0 | 30 | %100 |
| | مێ | 6 | 20.0 | | |
| گۆڕاو | تەمەن | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| تەمەن | 29-25 | 2 | 6.7 | 30 | %100 |
| | 34-30 | 1 | 3.3 | | |
| | 39-35 | 5 | 16.7 | | |
| | 44-40 | 4 | 13.3 | | |
| | 45 و زیاتر | 18 | 60.0 | | |
| گۆڕاو | بڕوانامە | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| بڕوانامە | بنەڕەتی | - | - | 30 | %100 |
| | ئامادەیی | 1 | 3.3 | | |
| | دبلۆم | 7 | 23.3 | | |
| | بەکالۆریۆس | 13 | 43.3 | | |
| | باڵا | 9 | 30.0 | | |
| گۆڕاو | پیشەی هونەری | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| پیشەی هونەر | مامۆستای بەشی سینەما | 3 | 10.0 | 30 | %100 |
| | ئەکتەر | 5 | 16.7 | | |
| | دەرهێنەر | 8 | 26.7 | | |
| | پرۆدیوسەر | 2 | 6.7 | | |
| | سینەماتۆگرافەر | 2 | 6.7 | | |
| | ڕەخنەگر | 1 | 3.3 | | |
| | سیناریست | 4 | 13.3 | | |
| | ئەندازیاری دەنگ | 1 | 3.3 | | |
| | مەیکەپ ئارتیست وسکریپ رایتەر | 1 | 3.3 | | |
| | پۆستەر دیزاینەر | 1 | 3.3 | | |
| | شیکاری فیلم | 1 | 3.3 | | |
| | نوسەر و ڕۆژنامەڤانی سینەمایی | 1 | 3.3 | | |
| گۆڕاو | شوێنی نیشتەجێ بوون | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| شوێنی نیشتەجێ بوون | سلێمانی | 15 | 50.0 | 30 | %100 |
| | هەولێر | 3 | 10.0 | | |
| | دهۆک | 2 | 6.7 | | |
| | زاخۆ | 1 | 3.3 | | |
| | باکور- دیاربکر | 1 | 3.3 | | |
| | سوید ستۆکۆڵم | 2 | 6.7 | | |
| | ئێران-تاران | 1 | 3.3 | | |
| | ڕۆژهەڵات- سنە | 1 | 3.3 | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | هۆڵەندا -ئەمستردام | 1 | 3.3 | | |
| | بەریتانیا - باث | 1 | 3.3 | | |
| | بەریتانیا - لیڤەرپۆڵ | 1 | 3.3 | | |
| | ئوستراليا- سیدنی | 1 | 3.3 | | |

خشتەی(1) پەیوەستە بە تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوە کە(30) ئەندام لەخۆ دەگرێت، و هەریەک لە گۆڕاوەکانی (رەگەز، تەمەن، بڕوانامە، پیشە و شوێنی نیشتەجێبوون ) بە پلە و رێژە تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەندامانە دەردەخات، بەجۆرێک رەگەزی نێر (24)ئەندامن و بە پلەی یەکەمی ریزبەندییەکەیە و رەگەزی مێ (6) ئەندامن و بە پلەی دووەمی ریزبەندییەکە دێن.

گۆڕاوی تەمەن کە پێنج قۆناغی جیاواز لە خۆدەگرێت ئەوانەی تەمەنیان لە(45 زیاترە) پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە، و ئەوانەی لە نێوان(35-39) پلەی دووەم و ئەوانەی لە نێوان ( 40-44) پلەی سێیەم، و ئەوانەی لە نێوان(25-29) پلەی چوارەم، و ئەوانەی لە نێوان (30-34) پلەی پێنجەمی ریزبەندییەکە پێکدێنن.

ئەگەرچی گۆڕاوی بڕوانامە لە نێو ئەم خشتەیەدا بە پێنج ئاست دیاریکراوە، بەڵام چوار ئاست لە خۆدەگرێت لەبەرئەوەی هیچ کام لە ئەندامەکان هەڵگری بڕوانامەی بنەرەتی نەبوون. بڕوانامەی بەکالۆریۆس ریزبەندی یەکەم و بڕوانامەی باڵا ریزبەندی دووەم و بڕوانامەی دبلۆم ریزبەندی سێیەم و بڕوانامەی ئامادەیی ریزبەندی چوارەمی خشتەکە پێکدێنێت. گۆڕاوی پێشە هونەری کە(12)پیشەی جیاوازی بواری سینەمایی لە خۆدەگرێت هەرچەندە هەندێک لە ئەندامان زیاد لە پێشەیەکیان هەیە، بەڵام پیشەی سەرەکیان بە هەند وەرگیراوە. پیشەی دەرهێنەر یەکەمی ریزبەندی و ئەکتەر دووەمی ریزبەندی و سیناریست سێیەمی ریزبەندی و مامۆستای بەشی سینەما چوارەمی ریزبەندی و هەریەک لە پرۆدیوسەر و سینەماتۆگرافەر پێنجەمی ریزبەندی و رەخنەگر، ئەندازیاری دەنگ ،مەیکەپ ئارتیست وسکریپ رایتەر ، پۆستەر دیزاینەر، شیکاری فیلم و نوسەر و رۆژنامەڤانی سینەمایی شەشەمی ریزبەندی خشتەکە پێک دێنن. گۆڕاوی نیشتەجێ بوون کە دوا تایبەتمەندییە بەسەر(12) شوێنی جیاوازدا دابەش دەبێت. سلێمانی پلەی یەکەم ئەم ریزبەندییەیە و هەولێر دەبێتە پلەی دووەم و هەریەک لە دهۆک و ستۆکۆلمی پایەختی وڵاتی سوید دەبنە سێەمی ریزبەندییەکە، و زاخۆ، دیاربەکر، سنە، تارانی پایتەختی ئێران، ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا، و هەریەک لە شارەکانی باث و لیڤەرپۆڵ لە بەریتانیا و شاری سیدنی لە ئوستراليا دەبنە چوارەمی ریزبەندی خشتەکە.

کەواتە:

- رەگەزی نێر بەراورد بە رەگەزی مێ بە رێژەیەکی زیاتر بەشدار بوون لە نموونەی توێژینەوەکەدا هەرچەندە توێژەر هەوڵی داوە تا رادەیەک یەکسان بن و یاخود لێک نزیک. بن بەڵام بە هۆی ئەوەی رەگەزی نێر رێژەیان زیاترە لە بواری فیلمسازی وسینەمادا و هاوکات چەند ئەندامێکیش کە هەندێکیان رەگەزی مێ بوون بە هۆی سەیر نەکردن و نەبوونی زانیاری لە بارەی ئەو پێگە ئەلکترونییانەوە لە لیستی بەشدار بوون لابراون و کەسانی تر بوونەتە جێگرەویان کە رەگەزی نێرن. - ئەو ئەندامانەی تەمەنیان لە(45 زیاترە) زۆرترین رێژەی بەشداربووان بوون کە خاوەنی ئەزموون و شارەزایی زیاتر بوون. - خاوەن بڕاونامەی بەکالۆریۆس و باڵا زۆرترین رێژەی بەشدار بووان بوون، سەرباری ئەوەی تەواوی ئەندامان جگە لە شارەزاییان هەموو خاوەن بڕوانامەن. - دەرهێنەر و ئەکتەر زۆرترین رێژەی بەشداربوون بوون، و بە پێ توانا و بە مەبەستی سوود وەرگرتن وخزمەتکردنی زیاتری توێژینەوەکە فرە پیشەیی بواری سینەما لە نێو ئەندامانداا بە هەند وەرگیراون . - زۆرترین ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە دانیشتووی شاری سلێمانین، هاوکات نەک تەنها شارەکانی تری هەرێم بەڵکو بەشێک لە بەشداربووان دانیشتووی پارچەکانی تری کوردستان و وڵاتانی دەروبەرو تەنانەت کیشوەرەکانی تریشن ، بە مەبەستی سوود بینی زیاتر لە روانگەی جیاواز و رادەی بە ئاگا بوون لەو پێگە ئەلکترۆنیانە بە پێ جیاوازی شوێنەکان.

**خشتەی(2) ئاشنای بە کام لەم پێگە سینەماییە کوردییانە؟**

| ژ | برگە | چەندبارە | رێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کورد سینەما | 28 | 31.1 | 1 |
| 2 | کورد فیلم | 17 | 18.9 | 3 |
| 3 | کوردموڤی | 3 | 3.3 | 6 |
| 4 | کورد سەبتایتڵ | 4 | 4.4 | 5 |
| 5 | فیلمسازان | 21 | 23.3 | 2 |
| 6 | شافیلم | 3 | 3.3 | 6 |
| 7 | تۆلیپ سینەما | 3 | 3.3 | 6 |
| 8 | بینەر | 9 | 10.0 | 4 |
| 9 | کوردینگ | 1 | 1.1 | 7 |
| 10 | کورددۆبلاژ | 1 | 1.1 | 7 |
| 11 | کۆردیۆ ئەنیمی | - | - | |
| 12 | کوردپڵاس ئەنیمی | - | - | |
| | **کۆی گشتی** | 30 | 100.0 | |

خشتەی (2) ئاماژە بۆ دەرخستنی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەستە بە رادەی ئاشنا بوونی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەو پێگە سینەماییانە کوردییانە. بەراورد بە برگە پرسیارەکانی تر لەم برگەیەدا ئەندامان دەستکراوە بوون بۆ ئەوەی زیاد لە بژاردەیەک دەستنیشان بکەن لە کۆی ئەو (12) پێگەی ئەلکترۆنییە کوردییەی لەم توێژینەوەیەدا بە هەند وەرگیراوە. وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کورد سینەما لە ریزبەندی ئاشانبوواندا بە رێژەیەکی بەرز پلەی یەکەم پێکدێنێت. فیلمسازان دەبێتە دووەمی ریزبەندی ئەم خشتەیە، و هەریەک لە کورد فیلم ریزبەندی سێیەم و بینەریش ریزبەندی چوارەمی خشتەکە پێکدێنن. کورد سەبتایتڵ بە پلەی پێنجەم دێت لە ریزبەندییەکەدا، بەڵام هەر سێ پێگەی کوردموڤی، شافیلم و تۆلیپ سینەما بە پلەی شەشەم دێن لە ریزبەندی خشتەکەدا. کوردینگ و کورد دۆبلاژ بە پلەی حەوتەمی ئەم ریزبەندییە دێن، کوردیۆ ئەنیمی و کوردیۆپڵاس ئەنیمی کە دووپێگەن ناوەرۆکەکانیان تەنها تایبەتمەندە بە ئەنیمەیشن هیچ پلەیەکیان بە دەستنەهێناوە لە نێو ئەم ریزبەندابیەدا.

کەواتە:

- لە کۆی(12) پێگە کوردسینەما زۆرترین خاڵی بە دەست هێنا، کە دەبێتە ئاماژەیەک بۆ دەرخستنی ئەو هەنگاوانەی ئەم پێگەیە لە بڵاو کردنەوەی بابەتە سینەماییەکاندا ناویێتی.

- فیلمسازان وەک یەکێک لە پێگە سینەماییەکان رۆڵی بەرچاو دەگێرێت لە بواری فیلمسازی و بڵاوکردنەوەی رۆشنبری سینەماییدا.

- لە دوای هەریەک لە کورد سینەما و فیلمسازان، کوردفیلم بە رێژەیەکی گونجاو بەشدارە لە بڵاوکردنەوەی بابەتە سینەمایەکاندا.

-هەرچەندە بە گوێرەی رێژەکان هەتا دێت پلە بەندییەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچن، بەڵام پێگەی بینەریش بە رێژەیەکی پەسەند بەشدارە لە بڵاوکردنەوەی بابەتە سینەمایەکاندا، ئەگەرچی کوردسەبتایتڵیش بەشدارە، بەرواورد بە پێگەکانی پێشووتر کەمتر توانیوێتی رۆڵی هەبێت .

- هەریەک لە پێگەکانی کوردموڤی، شافیلم، تولیپ سینەما،کوردینگ و کورد دۆبلاژ، بەراورد بە هەموو پێگەکانی پێشووتر بە رێژەیەکی لێک نزیک و بە رادەیەکی دیاریکراو و کەمتر لەوانی تر توانویانە ئامادەگیان هەبێت وەک پێگەیەک کە ناوەڕۆکەکانیان سینەماین.

- ئەوەی جێ سەرنجە کە کۆردیۆ ئەنیمی و کوردپڵاس ئەنیمی وەک دوو پێگەی پەیوەست بە ئەنیمەیشن لای ئاشنابوان بە خاڵێکیش ئاماژەیان پێنەکراوە، کە ئەمەش گوزارشتە لەوەی ئەنیمەیشن ئەگەرچی لە سەرئاستی جیهان و دنیای سینەمادا بایەخێکی ئێجگار زۆری پێدەدرێت،کەچی لە بواری سینەما و فیلمسازی کوردیدا هێشتا لە سەرەتاکانی بەهەند وەرگرتنیشیدا نیە.

**خشتەی(3) زۆرترین چالاکی سینەمایی لە کام لەم پێگە سینەماییانە بەدی دەکەیت؟**

| ژ | بڕگە | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کورد سینەما | 17 | 30.9 | 2 |
| 2 | کورد فیلم | 13 | 23.6 | 3 |
| 3 | کوردموڤی | 1 | 1.8 | 5 |
| 4 | کورد سەبتایتڵ | - | - | |
| 5 | فیلمسازان | 19 | 34.5 | 1 |
| 6 | شافیلم | - | - | |
| 7 | تۆلیپ سینەما | - | - | |
| 8 | بینەر | 5 | 9.1 | 4 |
| 9 | کوردینگ | - | - | |
| 10 | کورددۆبلاژ | - | - | |
| 11 | کۆردیۆ ئەنیمی | - | - | |
| 12 | کوردپڵاس ئەنیمی | - | - | |
| **کۆی گشتی** | | 30 | 100.0 | |

خشتەی(3) وەک خشتەیەکی پەیوەندیدار بە خشتەی پێشووتر، پەیوەستە بە زۆرترین چالاکی ئەم(12) پێگەیە، و بەهەمان شێوە ئەندامان لە دەستنیشانکردنی بژاردەکاندا دەستکراوەن، بەڵام بەراورد بە خشتەی پێشوو ڕێزبەندی پێگەکان بە هۆی رادەی چالاکیان دەگۆڕیت، بە جۆرێک فیلمسازان پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە پێکدێنن. کورد سینەما لەم خشتەیەدا وەک دووەم پێگە دێت لە بڵاوکردنەوەی زۆرترین چالاکی سینەماییدا، پاشان کورد فیلم دەبێتە سێیەمی ئەم ریزبەندییە، و هەریەک لە پێگەی بینەر بە پلەی چوارەم و کوردموڤی بە پلەی پێنجەمی ریزبەندییەکە دێن، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە پێگەکان دابەش بوون بۆ پێنج ریزبەندی، بەڵام ئەوانی تر هیچ پلەیەکیان نەبوو لەم ریزبەندییەدا.

کەواتە:

- فیلمسازان وەک پێگەی چالاک و کاریگەر رۆڵ دەگێڕێت لە بڵاوکردنەوەی بابەتە سینەمابیەکان،ئەگەرچی لەم پێگەیەدا فیلم پەخش ناکرێت بەڵام وەک پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵی تەواوی بابەتەکانی پەیوەستن بە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری سینەمایی لە چوارچێوەی ژانری جیاواز و وانەی ئەکادیمیدا لە لایەن کەسانی خاوەن ئەزموونەوە. - کورد سینەما دووەم پێگەی چالاکی بواری سینەماییە کە رۆڵ دەگێڕێت لە بڵاوکردنەوەی بابەتە سینەماییەکان، هەرچەندە چالاکە لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری سینەمایی، بەڵام مەودای زیاتری بۆ بڵاوکردنەوەی فیلم تەرخان کردوە. - لە پاڵ ئەوانی پێشوودا کوردفیلم پێگەیەکی بەهەند وەرگیراوە لە بڵاوکردنەوەی چالاکیە سینەماییەکان، رۆڵی خۆی هەیە لەم بوارەدا هەرچەندە زۆرترین مەودای ئەم پێگەیە تەرخانکراوە بۆ فیلم بەڵام بە رێژەیەکی کەم بایەخ بە چەند بابەتێکی تری سینەمایی دەدات. - بینەر وەک ریزبەندی بەراورد بە پێگەکانی پێشتر کەمتر بەشدارە لە بڵاوکردنەوەی چالاکە سینەماییەکان، بەهەمان شیوە زۆرترین مەودای ئەم پێگەیەش بۆ فیلم تەرخانکراوە بە رێژەیەکی کەم بایەخ بە چەند بابەتێکی تری سینەمایی دەدات. - هەرچەندە کوردموڤی بە ڕێژەیەکی زۆر کەم دەبێتە پێنجەمی ریزبەندییەکە، بەڵام لەگەڵ پێگەکانی تری وەک کورد سەبتایتڵ، شافیلم، تۆلیپ سینەما، کوردینگ و کورددۆبلاژ، هێشتا کارو چالاکییەکانیان نەگەشتۆتە ئەو ئاستەی وەک پێگەکانی تر بە هەند وەربگیرێن. هەریەک لە پێگەکانی لە کۆردیۆ ئەنیمی، کوردپڵاس ئەنیمی بەهەمان شێوە لە نێو هاوکێشەی بایەخ و پلەبەندی بواری سینەمادا ئامادەگیان نیە.

**خشتەی (4)  بە گرنگی دەزانیت ئەم پێگە سینەماییانە تەنها فیلم پەخش بکەن، یاخود رۆشنبیری سینەمایی بڵاو بکەنەوە؟**

| ژ | بڕگە | چەندبارە | رێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فیلم | 1 | 3.3 | 3 |
| 2 | رۆشنبیری سینەمایی | 4 | 13.3 | 2 |
| 3 | هەردوکیان | 25 | 83.3 | 1 |
| | **کۆی گشتی** | 30 | 100.0 | |

خشتەی(4) سەبارەت بە دەرخستنی ئەو داتایانەیە کە پەیوەستە بەوەی کە گرنگە ئەم پێگە سینەماییانە تەنها فیلم پەخش بکەن، یاخود رۆشنبیری سینەمایی بڵاو بکەنەوە، ئەویش لە سێ بڕگەدا یەک ئەندام بەگرنگی دەزانێت ئەم پێگەنە تەنها فیلم بڵاوبکەنەوە کە پلەی سێیەمی ریزبەندییەکەی پێکهیناوە. هەندێکی تر لە ئەندامان بە گرنگی دەزانن بە تەنها رۆشنبیری سینەمایی بڵاو بکەنەوە، بە رێژەیەکی کەم پلەی دووەمی ریزبەندییەکەی پێکهێناوە، بەڵام بە رێژەیەکی زۆر و بەهێز بەشێکی زۆر لە ئەندامان بە گرنگی دەزانن ئەم پێگەنە نەک بە تەنها فیلم بەڵکو فیلم و رۆشنبیری سینەمایش بڵاو بکەنەوە کە پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە پێکدینێت.

کەواتە:

- ئەگەرچی فیلم وەک ژانرێکی کات بەسەربردن و چێژبەخش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە تەنها بڵاوکردنەوەی فیلم ناتوانێت خزمەت بە بوارە (سینەما)بکات، کە ئەمەش خاڵێکی ئومێد بەخشە گوزارشت لەوە دەکات لە روانگە و گۆشەیەکی بەرتەسکەوە نارِوانرێتە بایەخی بواری فیلمسازی و سینەما.  - سەرباری گرنگی رۆشنبیری سینەمایی، بەڵام ئاماژەکان گوزارشتن بۆ ئەوەی رۆشنبیری سینەمایی بە تەنها ناتوانێت رۆڵێکی ئەوتۆی هەبێت ، ئەمەش بەها و بایەخی فیلم دەردەخات. - بەهێزی ئاماژەکان ئەو تێروانینە دەسەپێنن هەریەک لە فیلم و رۆشنبیری سینەمایی چەندە گرنگ بن، بەڵام گرێدراو و هێزی تەواوکاری یەکترن  و نەبوونی هەریەکێکیان ناتەواویەک دەبەخشێتە ئەوەی تریان، بۆیە ئەمەش ئەنجامێکی بەدەستهاتووی ئەرێنیە و دەشیت وەک  بنەمایەکی پتەو هەژمار بکرێت، سەبارەت بەوەی تەنها لە رەهەندێکی سەرگەرمی و بازرگانیەوە لە بەهای ئەم بوارە نەڕوانراوە (سینەما)، بەڵکو رەهەندی ئاگایی و هۆشیاری پەروەردە و ئاراستەکردنیش بە ئەندازەی رەهەندەکەی تر ئامادەگی هەیە.

**خشتەی (5) ناوەندی سەنگکراوی بڕگەکانی (پێگە سینەمایی)  توێژینەوەکە روون دەکاتەوە**

| برگەکان | وەڵام | ژمارە | رێژەی سەدی | کۆی گشتی | ناوەندی سەنگکراو |
|---|---|---|---|---|---|
| تا چ رادەیەک ئەم پێگە سینەماییانە بە گرنگ دەزانیت بۆ پێشخستنی سینەمای کوردی؟ | زۆر | 19 | 66.7 | 30 | 2.56 |
| | کەم | 9 | 26.7 | | |
| | هیچ | 2 | 6.7 | | |
| ئایا ئەم پیگە سینەماییانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ناساندن و برەودان بە بەرهەمە سینەماییە کوردییەکان؟ | زۆر | 4 | 13.3 | 30 | 1.26 |
| | کەم | 2 | 6.7 | | |
| | هیچ | 24 | 80.0 | | |
| ئایا ئەم پێگە سینەماییانە، وەک بەشێک لە پرۆسەی کۆمیونیکەیشن لە رێی بڵاو کردنەوەی بابەتە سینەماییەکانەوە تا چ رادەیەک دەتوانن روڵیان هەبێت لە هۆشیارکردنەوە و پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵگە و ئاڕاستە کردنی؟ | زۆر | 14 | 46.7 | 30 | 2.4 |
| | کەم | 14 | 46.7 | | |
| | هیچ | 2 | 6.7 | | |
| دیجیتاڵ میدیا تا چ  رادەیەک رۆڵی هەیە لە بەرەو پێشبردن و ناساندی بابەتە سینەماییەکان؟ | زۆر | 20 | 66.7 | 30 | 2.6 |
| | کەم | 8 | 26.7 | | |
| | هیچ | 2 | 6.7 | | |
| ئایا ئەو فیلم و بابەتانەی لەم پێگە سینەماییانە پەخش دەکرێن تا چەند دەتوانێت سەرنجی بینەری کوردی راکێشت، و بە بابەتە سینەماییەکان ئاشنایان بکات؟ | زۆر | 10 | 33.3 | | 2.3 |
| | کەم | 19 | 63.3 | | |
| | هیچ | 1 | 3.3 | | |

خشتەی(5) کە ناوەندی سەنگکراوی بڕگەکانی پەیوەست بە پێگە سینەماییەکان لە خۆ دەگرێت، و هەریەکەیان بە سێ بڕگەی(زۆر- کەم – هیچ) دەبنە دەرخستەی داتاکانی ئەم خشتیە لە پێنج پرسیاری پەیوەندیدار بەیەکەوە، بە جۆریک هەریەک لە بڕگەکان، و بە گوێرەی یاسای سێ بڕگەیی لە(2) گەورەترن، تەنها بڕگەی (ئایا ئەم پیگە سینەماییانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ناساندن و برەودان بە بەرهەمە سینەماییە کوردییەکان) نەبێت کە لە(2) بچوکترە. بەمەش گەرەترین ناوەندی سنگکراوی ئەم خشتەیە (2.56) کە پلەی یەکەمی ناوەندی سەنگکراوە و بڕگەی(زۆر)یش بەرزترین رێژەیتی. لەم خشتەیەدا ناوەندی سەنگکراوی(1.26) دەبێتە پلەی پێنجەمی ریزبەندییەکە و بڕگەی(هیچ)یش بەرزترین رێژەیتی، و دەبێتە بچوکترین ناوەندی سەنگکراوی ئەم خشتەیە. ناوەندی سەنگکراوی(2.4) پلەی سێیەمی ریزبەندی خشتەکە پێکدێنێت و هەریەک لە بڕگەی(زۆر- کەم) دەبنە رێژەی یەکسانی ناوەند سەنگکراوەکە. ناوەندی سەنگکراوی(2.6) پلەی دووەمی ریزبەندی خشتەکە پێکدێنێت، وبڕگەی(زۆر)یش دەبێتە بەرزترین رێژەی ناوەند سەنگکراوە. ناوەندی سەنگکراوی(2.3) بە پلەی چوارەمی ریزبەندی خشتەکە دێت، و بڕگەی( کەم)یش بەرزترین رێژەی ناوەندی سەنگکراوە پێکدێنێت.

کەواتە:

- پشت بەست بە یاسای سێ بڕگەیی و رێژەی بەدەستهاتووی لە کۆی پێنج بڕگە پرسیار چواریان بەهێزن، ئەمەش دەریدەخات پێگە ئەلکترۆنییەکان گرنگن بۆ پێشخستنی سینەمای کوردی، کە ئەمەش خاڵێکی دڵخۆشکەر و ئومێد بەخشە بۆ داهاتووی ئەم بوارە( سینەما). - بە گوێرەی رێژەی بە دەستهاتوو ئەم پێگە ئەلکترۆنییانە نەیانتوانیوە رۆڵیان هەبێت لە ناساندن و پێشخستنی بەرهەمە سینەماییەکوردییەکان، کە دەبێتە خاڵێکی لاواز بۆیان. - بە گوێرەی ئەو رێژە هاوسەنگەی لە نێوان بڕگەی (زۆر- کەمدا)هەیە،ئەوە دەردەخات کە ئەم پێگە ئەلکترۆنییانە دەتوانن رۆڵیان هەبێت لە هۆشیار کردنەوە و پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵگە و ئاڕاستە کردنی، وەک بەشیک لە پرۆسەی کۆمیونیکەیشن کە ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنیە بۆ دەرخستنی بەها وگرنگی ئەم پێگە ئەلکترۆنیانە. - بەهێزی رێژەی بەدەستهاتوو گوزارشت لەو راستییە دەکات کە دیجیتاڵ میدیا رۆڵی هەیە لە بەرەو پێشبردن و ناساندی بابەتە سینەماییەکان، کە خاڵێکی گرنگ و گرێدراوی خاڵە ئەرێنییەکانی تری ئەم بڕگە پرسیارانەیە. - بە گوێرەی رێژەی ئەم بڕگەیە هێشتا ئەم پێگە ئەلکترۆنیانە نەیانتوانیوە بە رادەیەکی بەرچاو سەرنجی بینەری کوردی راکێشن و بە بابەتە سینەماییەکان ئاشنایان بکەن، ئەگەرچی هەنگاویان ناوە بەڵام رێژەکان گوزارشتن بۆ هەنگاونانێکی سەرەتایی و هاوکات ئومێدبەخشیش.

*هێزی بڕگەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

(1 – 1,66 ): هیچ - ( 1,67 – 2.33): کەم - (2.34 – 3 ): زۆر

* ناوەندی گریمانەیی وەڵامەکانی بڕگەکان = 3+2+1 کە هێزی بڕگەکانن = 3/6 = 2

**خشتەی (6 )بە رای تۆ، ئەو کەسانەی پێگە سینەماییەکان بەرێوە دەبەن شارەزا و پسپۆڕن لە کام لەم بوارانەدا؟**

| ژ | بڕگە | چەندبارە | رێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | میدیا | 4 | 13.3 | 4 |
| 2 | سینەما | 3 | 10.0 | 3 |
| 3 | هەردوکیان | 11 | 36.7 | 2 |
| 4 | هیچیان | 12 | 40.0 | 1 |
| | **کۆی گشتی** | 30 | 100.0 | |

خشتەی(6) ئەو داتایانە لە خۆدەگرێت کە پەیوەستە بە بەرێوەبەرانی ئەو پێگە ئەلکترۆنیانە، و داتاکانیش بە سەر چوار بژاردەدا دابەش بوون، بە جۆرێک هەندێک لە ئەندامان وای دەخەمڵێنن کە بەرێوبەرانی ئەم پیگەنە میدیاکارن ئەم پۆلێنەش بە پلەی چوارەمی ریزبەندییەک دێت، لە کاتێکدا سینەماکاران پلەی سێیەمی ریزبەندییەکە پێکدێنن، بەڵام هەردووکیان( میدیاکاروسینەماکار) کە مەبەست لێی شارەزاییە لە هەر دوو بوارکەدا بە پلەی دووەمی ریزبەندییەکە دێت، هیچیان کە دوا پۆلێنە بە پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە دێت.

کەواتە:

- لێکنزیکی ئەم دوو تێڕوانینە دەردەخات دەشێ کەسانی شارەزا لە هەردوو بوارەکەدا(میدیا- سینەما) بەشدارن لە بەرێوەبردنی ئەم پێگە ئەلکترۆنییانە، سەرباری بەهەند وەرگرتنی وەک خاڵێکی ئەرێنی لە توێژینەوەکەدا، هاوکات ئاماژەیەکی دڵخۆشکەریشە بۆ

ئەوەی تەنها لە روانگەیی میدیاییەوە یاخود بە تەنها لە روانگەی سینەماییەوە مەمەڵە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بابەتەکاندا ناکرێت. - بەهەمان شێوە لێکنیزیکی ئەم دوو تێروانینەش(هەردووکیان- هیچیان)، پشت بەست بە ئەزموونی ئەندامان هاوسەنگیەک دەبەخشێتە ئەو خەمڵاندنە بە جۆرێک هیچیان نابنە مایەی رەتکردنەوەی ئەویتریان واتە دەشیت بەرێوەبەرانی ئەم پێگەیە کەسانی میدیاکار یاخود سینەماکار بن، یا هەردووکیان،یا هیچیان نەبن و ئەو کەسانە بن کە حەزو خولیایان بۆ بواری سینەما هەیە، ئەمەش دەبێتە خاڵیکی بەهێزی توێژینەوەکە و هاوکات ئەم داتایانە دەبێتە جێگرەوەی ئەو دامەزراوە فەرمییە پەیوەندارانی بەم بوارە کە بوونیان نیە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لێیان سەبارەت بەم پێگە ئەلکترۆنیانە.

**خشتەی ( 7)بە رای تۆ، بە پێی بەرنامە و لە سەر بنەمای خواستی بینەر بابەت و فیلمە سینەماییەکان لەم پێگە سینەماییانەدا پەخش دەکرین؟**

| ژ | برگە | چەندبارە | رێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڵی | 2 | 6.7 | 3 |
| 2 | نەخێر | 9 | 30.0 | 2 |
| 3 | هەندێک جار | 19 | 63.3 | 1 |
| | **کۆی گشتی** | 30 | 100.0 | |

خشتەی(7) سەبارەت بەو بابەت و فیلمانەیە کە لەم پێگەنەدا بڵاو دەکرێنەو، بە مەبەستی وەرگرتنی ئەو زانیاریانەی کە تا چەند لە سەر خواستی بینەر و بە پێی بەرنامەیە، کە سێ برگە لە خۆی دەگرێت، برگەی بەڵی تەنها بە رێژەیەکی کەم بە هەند وەرگیراوە بە جۆرێک پلەی سێیەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێت. بەراورد بە برگەی بەڵی ئەندامان بە رێژەیەکی زیاتر داکۆکی لە برگەی نەخێر دەکەن، و لە ریزبەندییەکەشدا پلەی دووەم پێکدێنێت، بەڵام برگەی هەندێک جار بە رێژەیەکی زۆر زیاتر لە هەردوو برگەکەی تر ئەندامان لە سەری کۆکن کە پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە پێک دێنێت.

کەواتە: - بە پێ ئاماژەکان خواستی بینەر لەم پێگە ئەلکترۆنییانەدا بە رادەیەکی کەم بە هەند وەرگیراوە، و نەیانتوانیوە بە پێی بەرنامەرێژەک بابەتە سینەماییەکان پەخش بکەن. -ئەگەرچی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە لەلایەن ئەندامان ئەوە رەتنەکراوەتەوە، بەڵام ئەم داتایانە دەریدەخەن کە پێگە ئەلکترۆنییەکان تائێستا نەیانتوانیوە وەک پێگەیەکی رێکخراو ئەو تێروانینە گشتیە لە بارەی خۆیانەوە بسەپێنن کە خواستی بینەر کار و بەرنامەی سەرەکیانە.

**خشتەی ( 8)بە رای تۆ ، ئەم پێگە سینەماییانە توانیویانە سنوری جوگرافی هەرێمی و جیهانی تێپەڕێنن، یاخود تەنها بینەری لۆکاڵی ئاشنان بە بابەتەکانیان ؟**

| ژ | برگە | چەندبارە | رێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڵی توانیویانە | - | - | |
| 2 | نەخێرنەیاتوانیوە | 19 | 63.3 | 1 |
| 3 | تارادەیەک | 11 | 36.7 | 2 |
| | **کۆی گشتی** | 30 | 100.0 | |

خشتەی(8) خستنە رووی زانیاریانەیەکانی پەیوەست بە رادەی تێپەڕاندنی سنوری جوگرافی ئەم پێگەنەیە، بەهەمان شێوە ئەم خشتەیەش سێ برگە لە خۆ دەگرێت، ئەوەی جێی سەرنجە برگەی بەڵی هیچ  پلەیەکی لەم ریزبەندییەدا بە دەستنەهێناوە. لە کاتێکدا برگەی نەخێر بەرزترین رێژەی ئەم ریزبەندییە، و بە پلەی یەکەم دێت کە بەپێێ تێروانینی بەشێکی زۆر لە ئەندامان بینەرانی ئەم پێگەنە لە چوارچێوەیەکی لۆکاڵیدا ماونەتەوە ، تارادەیەکیش بۆتە رێژەیەکی نێوەندگیر بە پلەی سێیەمی رێزبەندییەکە دێت.

کەواتە:- لەگەڵ ئەوەی پێگەی ئەلکترۆنی، یاخود پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان گرێدراوی تۆڕی ئینتەرنێتن کە تۆڕێکی جیهانییە، هاوکات داتا بە دەستهاتووەکانیش ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەگەرچی ئەم پێگەنە بەستراون بە تۆڕە جیهانییەکانەوە، بەڵام مانای ئەوە نیە کە بینەرەکانیان لە سەر ئاستی جیهانی بن، بەڵکو لۆکاڵین . - بە دەستهاتنی ئەو رێژەییەی کە لە نێوان دوو رێژەکەی تردایە ، ئەگەر چی زۆر بەهێزیش نەبێت، بەڵام ئاماژەیەکی خراپیش نیە، دەشێ وەک خاڵێکی سەرەتا و دەستپێک بۆ ئەم پێگە ئەلکترۆنیانە

هەژمار بکرێت، کە رەنگە لە چەند ساڵی داهاتوودا باشتر هەنگاو بنێن بەرەو جیهانی بوون، هەروەک چۆن ئێمە و بینەرێکی بێشومار لە سەرئاستی جیهان بەکارهێنەری نێتفلێکس و پڵاتفۆڕمەکانی ترین، دەشێ رۆژگارێک بێت ئەم پێگە ئەلکترۆنییانە کوردییانەش بگەنە ئەو قۆناغانەی ئێستای ئەو پلاتفۆڕمە جیهانییانە، کە بێگومان ئەوانیش لە خاڵیکەوە دەستیان پێکردووە.

**خشتەی ( 9) بە رای تۆ، زۆرترین بینەری پێگە سینەماییەکان لە کام توێژی تەمەنن؟**

| ژ | بڕگە | چەندبارە | رێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەرزەکاران | 2 | 6.7 | 4 |
| 2 | لاوان | 14 | 46.7 | 1 |
| 3 | پێگەیشتووان | 8 | 26.7 | 2 |
| 4 | کەسانی بەتەمەن | - | - | |
| 5 | هەموویان | 6 | 20.0 | 3 |
| | **کۆی گشتی** | 30 | 100.0 | |

خشتەی(9) پەیوەستە بە دەرخستنی ئەو زانیاریانەی کە تایبەتن بە تەمەنی بەکارهێنەرانی ئەم پێگە سینەماییانەوە، کە بەسەر پێنج بڕگە تەمەندا دابەش بوون، و هەرزاکاران کەمترین رێژەی بەدەستهاتوون لەم خشتەیەدا و بە پلەی چوارەمیش دێن لە ریزبەندییەکەدا.

توێژی لاوان رێژەیەکی بەرزی بەدەستهێناوە، ئەویش پلەی یەکەمی ریزبەندییەکەیە، بە جۆرێک هیچ لێکنزیکیەک یاخود ناوەندگیریەکی لەگەڵ رێژەی توێژەکانی تردا نیە، لە کاتێکدا توێژی پێگەیشتووان هەرچەندە دوور لە پلەی یەکەمەوە، بەڵام بە رێژەیەکی کەم پلەی دووەمی ریزبەندییەکە پێک دێنن، ئەوەی جێی سەرنجە کەسانی بەتەمەن هیچ پلەیەکیان لەم ریزبەندییەدا نیە ، کۆی توێژەکانی تەمەن کە هەر پێنج توێژەکە دەگرێتەوە بە رێژەیەکی کەم پلەی سێیەمی ڕێزبەندی خشتەکە پێکدێنێت.

کەواتە: - ئەگەر چی هۆکارەکەی دیار نیە خۆیان بن، یاخود ناوەڕۆکی ئەم پێگەنە لەگەڵ خواست و ئارەزوی ئەم توێژەدا یەکانگیر نابێتەوە، بەڵام داتاکان دەریدەخەن هەرزەکاران بەشێکی دیار و چالاکی نین لە بەکارهێنەرانی ئەم پێگەنە. - رێژەی بەرزی داتاکان دەریدەخەن توێژی لاوان چالاکترین بەکارهێنەری ئەم پێگە سینەماییانەن کە دەشێت هۆکارەکەشی لەوەدا بەرجەستە ببێت ئەم پێگە ئەلکترۆنییانە مەودایەکی زۆریان بۆ ژانرانەکانی ئەکشن و زانستی خەیاڵی و سەرکێشی و فیلمەکانی جیهانی مارڤڵ فەراهەم کردووە. - بەراورد بە لاوان، پێگەشتووان کەمتر ئامادەگیان هەیە وەک بەکارهێنەر لەم پێگە ئەلکترۆنییانەدا، رەنگە هۆکاری ئەمەش بگەرێتەوە بۆ ئەوەی سینەما کەمتر لەلای ئەم توێژەی تەمەن بایەخ و بەهای هەبێت ، بە جۆرێک نە لە روانگەی سەرگەرمییەوە و نە لە روانگەی بەرکەوتن بە کلتوری گەڵانی تر کاریگەری کەمتر هەیە لە سەریان . - نەبوونی هێج رێژەیەک لە بارەی کەسانی بەتەمەنەوە گوزارشت لەوە دەکات کە نەک ئەم پێگە ئەلکترۆنییانە بەڵکۆ کۆی ئەم بوارە( سینەما) بە هەند وەرگیراو نییە لە لای کەسانی بە تەمەنەوە، کە رەنگە هۆکارەکەی فەرامۆشکردنێکی کەڵەکە بووی سەردەمنێک بێت، رەگ و ریشەی لە خۆی کۆنتر بێت، بەو مانایەی پاساوە بۆ رێگریکانی هەرچیەک بێت لە ڕابردوودا سینەما سەرباری سەرگەرمی وەک زەرورەتێک بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە، چ لە رووی ئابوری،کلتوری،کۆمەڵایەتی، نەتەویی...هتد مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، هەربۆیە بەرکەوتنی نەوەکانی رابوورد بەم تێڕوانینە زادی ئەم بەهەند وەرنەگرتنەی ئەمڕۆیە، بێگومان داتاکان ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەم هۆکارە بۆ کۆی توێژەکانی تەمەنیش هەر راستە تەنها جیاوازی سەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر دەبێتە خاڵی جیاکەرەوەیی نێوانیان.

**خشتەی (10) ناوەندی سەنگکراوی بڕگەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی سینەمایی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە**

| بڕگەکان | وەڵام | ژمارە | رێژەی سەدی | کۆی گشتی | ناوەندی سەنگکراو |
|---|---|---|---|---|---|
| ئایا بوونی پێگەی ئەلیکترۆنی سینەمایی، کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی بینەرانی ناو هۆڵەکانی سینەما لە کوردستان کردووە؟ | بەڵی | 13 | 43.3 | 30 | 2.13 |
| | تارادەیەک | 11 | 36.7 | | |
| | نەخێر | 6 | 20.0 | | |
| پێتوایە وەرگێڕان و ژێرنوس کردنی فیلمەکان بە زمانی کوردی لەو پێگە ئەلیکترۆنییە سینەماییانە، کوالێتیان بەرزەو پرۆفێشناڵانە کراون؟ | بەڵی | 1 | 3.3 | 30 | 1.7 |
| | تارادەیەک | 21 | 70.0 | | |
| | نەخێر | 8 | 26.7 | | |

خشتەی(10) تایبەتە بە زانیارییەکانی ناوەندی سەنگکراوی دوو برگە پرسیارو سێبرگە وەڵامی پەیوەست بە کاریگەری ئەم پێگەنە ئەلکترۆنییانە سەبارەت بە کەمکردنەوەی بینەرانی ناو هۆڵەکانی سینەما و هەروەها رادەی پرۆفیشناڵی و لێهاتوویان لە وەرگێران و ژێرنووسکردنی فیلمەکان بە زمانی کوردی. هەروەک لە خشتەکەدا دیارە بەرزترین ناوەندی سەنگکراوی ئەم داتایانە(2.13)، بە گوێرەی یاسای سێ برگەیی لە(2) گەورەترە، وەهەروەها پلەی یەکەمی ریزبەندییەکەش پێک دێنێت، و برگەی(تارادەیەک)یش بەرزترین رێژەیەتی. ناوەندی سەنگکراوی(1.7) کە بە گوێرەی یاساکە(سێ برگەیی)و بە پلەی دووەمی ریزبەندییەکە دەبێتە بچوکترین ناوەندی سەنگکراوی ئەم خشتەییە، بەهەمان شێوە برگەی(تارادەیەک)یش بەرزترین رێژەیەتی.

کەواتە:

- لێکنزیکی هەردوو برگەی(بەڵێ- تارادەیەک) ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەگەرچی پێگە ئەلکترۆنییەکان پێگەگەلێکی فەرمی و بەرفراوان نین، بەڵام بە جۆرێک بوونەتە فشارێک بۆ کەمکردنەوەی بینەری ناو هۆڵەکانی سینەما، کە ئەمەش دوو لێکەوتەی نەگێتیڤ و پۆزیتیڤ لە خۆ دەگرێت. نێگەتیڤ بەو مانایەی لە دیوی رەهەندە بازرگانییەکەو دەبێتە مایەی زەرە بۆ داهات و بۆکس ئۆڤیسی فیلم و بەرهەمهێنەرانی، بینەر لە بری ئەوەی روو لە هۆڵەکانی سینەما بکات، پاش ماوەیەک لە نمایشکردنی فیلمەکە، لەو پێگەنە بێبەرامبەر فیلمەکە بۆی بەردەست دەبێت. ئەرێنیش بەو مانایەی لە دیوی رەهەندی کاریگەرییەوە، بەرکەوتنی بەردەوامی بینەر بەم پیگەنە ئاشنایەتی زیاتر پەیدا دەکات لەگەڵ بابەتە سینەماییەکان و رەنگە هۆکارێکی یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی زیاتر لە بەهاو بایەخی بواری سینەما تێبگات. - بەهێزی داتاکان ئەوە دەردەخات وەرگێران و ژێرنووسکردنی فیلمەکان کە یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانی ئەم پێیگەنە تارادەیەک کواڵتیان بەرزە لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری بەرهەم و بابەتە بیینییەکانن کە لەم پێگەنەدا پەخش دەکرێن، بۆیە ژێرنووسی کوردی، یاخود دۆبلاژکردن بە پێویست دەزانن تا بینەرێکی زۆر لێیان تێبگەن.

**یەکەم : دەرئەنجام**

١- بە رادەیەکی باش پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان وەک پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵی بایەخیان بە بڵاوکردنەوەی بابەتە سینەماییەکان داوە، کە هەندێکیان بە تەنها فیلم بڵاودەکەنەوە، هەندێکیشیان فیلم و بەرێژەیەکی کەم رۆشنبیری سینەمایش بڵاو دەکەنەوە، هەندێکی کەمیشیان بە تەنها رۆشنبیری سینەمایی بڵاو دەکەنەوە.

٢- پلاتفۆرمە دیجیتاڵیەکان پەیوەندییەکی بەهێزیان لە نێوان میدیا و سینەمادا دروست کردووە ،کە ئەمەش رێی هەموار کردووە ناوەرۆکی چەندین پێگەی ئەلکترۆنی بابەتەکانیان بە تەنها تایبەتمەند بن بە بواری سینەما.

٣- پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان تا رادەیەکی باش توانیویانە رێگە هەموار بکەن بۆ ئاشنا بوونی زیاتری بینەری کوردی بە بابەتە سینەماییەکان، بە تایبەت ، فیلمە جیهانییەکان.

٤- بڵاوکردنەوەی زۆرترین فیلم لە رێی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکانەوە، رەنگە یارمەتیدەر بێت تا بینەر باشتر بە فیلمەکان ئاشنا بێت، ئەمەش رێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی تەماشاکردنی فیلم ببێتە بەشێک لە بایەخبەندییەکانی .

٥- ئەم پێگە ئەلکترۆنیانە پەیوەندیی نێوان میدیا و سینەما پتەو وتوند وتۆڵتر دەکات، لە رێی بڵاوکردنەوەی فیلم وبابەتە سینەماییەکانەوە کە ئەوانیش هاوشێوەی میدیا هەڵگری پەیامێکن، وەک سەرچاوەیەکی رۆشنبیری و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دەتوانێت گاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دروست بکەن، کە هەمان ئامانجی میدیایە.

٦- پێگە ئەلکترۆنییەکان تا ڕادەیەکی باش چالاکن لە بڵاو کردنەوەی بابەتە سینەماییەکان، بەڵام بەگشتی زۆرترین مەودایان بۆ بابەتە جیهانییەکان و کەمترینیان بۆ بابەتە لۆکاییەکان تەرخانکردووە، و بابەتە هەرێمییەکانیش دەکەونە نێوەندیانەوە .

٧- هەریەک لە هۆکارە سیاسی، ئابوری ، رۆشنبیری و یاساییەکان، هۆکارگەلێکن کە بوونەتە هۆی نەبوونی پێگەی ئەلکترۆنی کوردی یاسایی تیبەتمەند بە بواری سینەما.

**دووەم: پێشنیار**

لەئەنجامی مەمەڵەی ماوەی کارکردن لەگەڵ ناوەرۆکەکانی ئەم پێگە ئەلکترۆنییانە کە بوونەتە سامپڵی توێژینەوەکە توێژەر چەند پێشنیارێکیان ئاڕاستە دەکات:

١- تەرخانکردنی مەودای زیاتر بۆ بابەت و بەرهەمە کوردییەکان .

٢- گرنگیدانی زۆر و زیاتر بە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری سینەمایی نەک بە تەنها فیلم.

٣- گرنگیدانی زۆر زیاتر بە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە رۆشنبیری سینەمایی لە چواچێوەی ژانرە میدیاییەکاندا، و ریزبەند کردنییان بە گوێرەی ژانرەکان .

٤- خۆ بە دوور گرتن لە دووبارە کردنەوەی بابەتەکانی نێو لاپەرەکانی پێگەکە.

٥- خۆ بە دوور گرتن لە زۆر دووبارە بوونەوەی بابەتەکان لە نێوان پێگەکاندا.

٦- دیاریکردنی رۆژ و کاتی دانانی هەر بابەتێک لە پێگەکەدا.

٧- رێکخستەوە و دیزاینکردنی بە شەکانی پێگەکە بە شێوەیەکی باشتر، و پۆلێنکردنیان بە جۆرێک مەمەڵکردنیان ئاسانی بێت بۆ وەرگرتنی زانیاری لە بارەیەنەوە.

**سییەم: راسپاردە**

چەند راسپاردەیەک بۆ توێژەرانی داهاتوو لە بواری میدیا و سینەمادا

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە بارەی ئەو پێگە ئەلکترۆنییە کوردییانەی پەیوەستن بە بواری سینەماوە، بە ئامرازی فۆڕمی راپرسی.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە بارەی پەیوەندی نێوان میدیا و سینەماوە.

٣-ئەنجامدانی توێژنەوە لە بارەی گاریگەریی میدیا لە سەر دەرخستنی رۆڵی سینەما لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە.

٤- توێژینەوە لە بارەی گرنگی ژانرە میدیاییەکان لە نێو رووماڵە سینەماییەکاندا.

٥- توێژینەوە لە بارەی پەیوەندیی نێوان پەیامە میدیایی و سینەماییەکان لە ڕووی کاریگەرییانەوە.

**لیستی سەرچاوەکان:**


1. أبو رشيد، (2020) الصحافة الإلكترونية والنشر الإلكتروني،(دمشق:الجامعة الافتراضية السورية.
2. أبو شنب، (2016) حسين سعد، إنتاج المواد الإعلامية، غزة: بدون ناشر.
3. ابوزيد، (1986) الصحافة المتخصصة، القاهرة: عالم الكتب.
4. أمين، (2015) الإعلام الجديد، القاهرة: دار الفجر للنشر و التوزيع.
5. البدراني، (2014) اسس التحرير الصحفي والتليفزيوني والإلكتروني، عمان:دار البداية ناشرون وموزعون.
6. البدراني، (2017) الإعلام الرقمي في عصر التدفق الاخباري، بيروت: منتدى المعارف.
7. الدعمي، (2016) الإعلام الجديد/ اعتمادية متصاعدة – ووسائل متجددة، عمان: دار أمجد للنشر و التوزيع.
8. الدليمي، (2013) مدخل الى وساعل الإعلام الجديد، عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة.
9. الدليمی، (2020) مواقع التواصل الاجتماعي، عمان: دار غيداء للنشر و التوزيع.
10. الرشيد، (2015) حركة العصر الجديد و مفهومها و نشأتها و تطبيقاتها،ط2، جدة: مركز التاصيل للدراسات و البحوث.
11. الرفاعي، (2020) الصحافة المتخصصة ، دمشق: الجامعة الافتراضية السورية.
12. البياتی، (2014) الإعلام الجديدة الدولة الافتراضية الجديدة، عمان: دار البداية ناشرون وموزعون.
13. الشحماني، (2020) الإعلام الفني: نشأة والتطور، البصرة: دار الفنون والأدب للطباعة والنشر.
14. الشرقاوی، (2014) فن الكتابه في زمن ديجيتال ميديا، القاهرة: وازرة الثقافة –الهيئة العامة لقصور الثقافة.
15. الشريف، (2009) الإعلام الإلكتروني، عمان: دار يافا للنشر والتوزيع.
16. القحطاني، أ (2019) الإعلام الرقمي، مجلة الإلكترونية الشاملة متعددة التخصصات العدد(8)شباط.
17. الهلالي، (2013) الدعاية والإعلان والعلاقات العامة في المدونات الإلكترونية ،عمان: دار النفائس للنشر والتوزيع.
18. بعزيز، (2012) تكنولوجيا الاتصال الحديثة وتاثيراتها الاجتماعية والثقافية، القاهرة: دار الكتاب الحديث.
19. حسن، (2016) الوسائط المتعددة في الإعلام الإلكتروني،(عمان: دار صفاء للنشر والتوزيع.
20. حسنين، (2011) الصحافة الإلكترونية المفهوم و الخصائص والانعكاسات، أبوظبي: مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية.
21. حمه صالح، (2008) الصحافة الإلكترونية الكردية رسالة غير منشورة، بغداد: جامعة بغدد/ كلية الاعلام- قسم الصحافة.
22. خلف، (2014) الوضيفة الإخبارية للبوابات الإلكترونية، العين: دار الكتاب الجامعي.
23. رفعت، (2017) الرأي العام في الواقع الافتراضي و قوة التعبية الافتراضية، القاهرة: العربي للنشر والتوزيع.
24. شاهين، (2014) التفاعلية على مواقع الصحف الإلكترونية، القاهرة: دار العلوم للنشر والتوزيع.
25. شفيق، (2014) الإعلام الجديد و الجرائم الإلكترونية، السادس من أكتوبر: دارفكر وفن للطباعة والنشروالتوزيع.
26. شمايلة و الاخرون، (2015) الصحافة المتخصصة، عمان: دار الاعصار العلمي للنشر والتوزيع.
27. صلاح، (2013) الإعلام الإلكتروني الأسس و افاق المستقبل، عمان: دار الإعصار للنشروالتوزيع.

28. طنطاوي، (2016) فنون العمل الصحفي و الإعلام الإلكتروني، القاهرة: الدار الثقافية للنشر.

29. عبده، (2016) الإعلام البديل على الإنترنيت، القاهرة: المكتب العربي للمعارف.

30. غازي، (2016) الصحافة الإلكترونية العربية، الجيزة: وكالة الصحافة العربية.

31. فرانسو لسلي، نيقولا ماكاريز، ملتيميديا، ت:فؤاد شاهين، (بيروت: عويدات للنشر و الطباعة،2001)، ص 7-8.

32. فياض، (2012) الإنترنيت و صحافة المدونات الإلكترونية، بغداد: مجلة الباحث الإعلامي- جامعة بغداد- كلية الإعلام، العدد18.

33. كنعان، (2014) الصحافة الإلكترونية في ظل الثورة التكنولوجية، عمان:داراليازوري العلمية.

34. معوض، (2020) الصحافة الإعلامية و تقنياتها الإتصالية، عمان:دار غيداء للنشر والتوزيع.

35. موسى، (2015) فن الإخراج الصحفي لمواقع و الجرائد الإلكترونية، عمان: دار غيداء للنشر والتوزيع.

1. https://www.merriam-webster.com/dictionary/website , كاتی سەردان23/2/2021- 90:14 PM.
2. Marcel Danesi, Dictionry of Media and Communications(New York,M.E.Sharpe,20090),p 160.
3. https://whatis.techtarget.com/definition/social-media , كاتی سەردان,13/3/2021, 10:00 PM.
4. https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/cinema كاتی سەردان23/2/2021- 11:09 PM.
5. Cliff Mcknigh &others , Hypertext/Hypermedia, research,(Austtin: Universty of Texas,1992),p2.
6. https://tawajod.ae/ar/%D8%A7%D9%86%D9%88%D8%A7%D8%B9-%D8%A7 كاتی سەردان 6/6/2021- 9:22PM.
7. www.researchgate.net/publication/328928631_What_is_'cyberspace
8. Vassilys Fourkas, What is Cyber Space, 2004, كاتی سەردان 15/3/2021 - 8:50 PM.
9. https://www.lexico.com/definition/subject , كاتی سەردان23/2/2021- 10:16 PM.
10. https://alssafat.net/?p=1143 ) كاتی سەردان12/3/2021- 10:26 PM.
11. https://slideplayer.fr/slide/14480050/ ) كاتی سەردان12/3/2021- 11:43 PM.
12. https://www.britannica.com/dictionary/coverage , كاتی سەردان23/2/2021- 90:53 PM.

اهتمام المواقع الالكترونية الكوردية بتغطية المواضيع السينمائية

خنده سيف الدين حويجه

قسم الاعلام – كلية العلوم الانسانية – جامعة السليمانية - العراق

@univsul.edu.iq060021saifalddin.

فواد علي احمد

قسم الاعلام – كلية العلوم الانسانية – جامعة السليمانية - العراق

fuad.ahmed@univsul.edu.iq

ملخص

في العصر الإعلام الرقمي، أصبحت المواقع الإلكترونية التي جاءت كنتيجة للثورة التكنولوجية، منصة معتبرة لجميع المؤسسات في العالم ، و مبررا لتحسين و تعزيز عملية الاتصال في العالم الافتراضي، بحيث بات أصحاب أكثر المؤسسات والشركات الإعلامية والغير الإعلامية تقدمًا يتعاملون معها كأمر حتمي و كضرورة تكنولوجية معاصرة. و الى جانب الاعلام، فان المنصات الرقمية، خصصت مساحة واسعة للسينما. لذلك فان البحث و من المنظور الاعلامي و السنيمائي ، قد ركز هذه على المواقع الكردية التي ترتبط محتواها بمجال السينما بعنوان (اهتمام المواقع الالكترونية الكردية بتغطية المواضيع السينمائية). ألهدف الرئيسي من البحث هو ابراز مدى أهمية المواضيع السينمائية للمواقع الالكترونية الكوردية. عينة البحث مكونة من اثنى عشرة موقعا الكترونيا و هي كل من ( كورد سينما، كورد فيلم، كورد موفي، كورد سبتايتل، فيلمسازان، توليب سنما، بينر، شا فيلم، كوردينج، كوردوبلاج، كورديو أنمي، كود بلس انمي). نظرًا لعدم توفر مواعيد نشرها ، قامت الباحثة بأخذ مجموع مواضيع تلك المواقع الاثني عشر لغاية نهاية العمل التطبيقي لكل موقع من هذه المواقع .

بهدف الاستفادة و اظهار مدى الاهتمام بالمواضيع السينمائية، قامت الباحثة باستخدام المنهج المسحي، و استخدمت الباحثة كذلك كل من تحليل المحتوى و استمارة الاستبيان كأدوات لجمع البيانات في هذا البحث. تم في تحليل المحتوى إدراج المعلومات في خمسة جداول لكل موقع من هذه المواقع ، و وزعت استمارة استبيان المكونة من 15 فقرة على 30 شخصًا من ذوي الخبرة السينمائية، كعينة ثانية للبحث و ذلك بغرض تعزيز المعلومات كخطوة تكميلية لتحليل المحتوى و القسم التطبيقي و العملي للبحث التي أدت الى حسم فرضية البحث، حيث ان المواقع الالكترونية الكوردية تلعب دورها في تعريف شرائح المجتمع المختلفة بالمواضيع السينمائية، و كذلك الاجابة عن الاسئلة المطروحة في البحث و الوصول الى استنتاج مفاده بان المواقع الالكترونية الكوردية خصصت مساحات جيدة الى حد ما للمواضيع السينمائية و اهتمت بنشرها، وقد عززت المنصات الرقمية العلاقة بين الإعلام والسينما، مما سمح للجمهور الكوردي بالتعرف أكثر على المواضيع السينمائية، بالإضافة إلى الوصول الى عدد من النتائج الأخرى.

**كلمات دالة:** اهتمام، المواقع الالكترونية الكوردية ، التغطية ،المواضيع السينمائية

**Kurdish websites' interest in covering cinematic topics**

**Khanda Saifalddin Hawija**
Media Department of college of humanities science-University of Sulaimani
saifalddin.060021@univsul.edu.iq

**Fuad Ali Ahmad**
Media Department of college of humanities science-University of Sulaimani
fuad.ahmed@univsul.edu.iq

**Abstract**

This research, titled (Kurdish websites' interest in covering cinematic topics) focuses on Kurdish websites whose contents are related to the cinema. The research problem is focused on this particular point: To what extent the Kurdish websites are interested in publishing cinematic topics?

Linking media and cinema as two important pillars in the communication process, considering cinema as a means of entertainment and an important industry and at the same time as a means of guiding and educating society is a pillar of this research. The main objective of this research is to highlight the extent of interest in cinematic topics published by Kurdish websites.

The total number of sites that were sampled in this study is twelve sites consisting of (Kurd Cinema, Kurd Film, Kurd Movie, Kurd Subtitle, Filmsazan, Tulip Cinema, Beenar, Shafilm, Kurding, Kurddoblazh, Kurdio Anime, Kurd Plus Anime). Due to the lack of a publication timeline, the researcher received a total of the twelve sites' topics until the end of the actual work of each of these sites.

The researcher used the descriptive and survey method, and content analysis and survey forms were the tools used to collect data in this study.

Where in the content analysis, the information was listed in five tables for each of these sites, and a 15-section questionnaire was distributed to 30 people with cinematic experience, to reinforce the information, which answers the research's questions, and led to the conclusion that Kurdish websites allocated reasonable spaces for cinematic topics and were interested in publishing them, and digital platforms have strengthened the relationship between media and cinema, allowing the Kurdish audience to learn more about cinematic topics, in addition to many other results.

**Keywords:** Interest, Kurdish websites, Covering, Cinematic topics.